The Journal of Mesopotamian Studies
پ.د. نەوزاد وقاص سعیدـ م. ڕێبوارمحمداسماعیل ; شیعری کوردی، لە ڕوانگەی پێوەرەکانی دەقێتی
بە نموونەی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا
The Journal of Mesopotamian Studies, C: 3/2, Summer 2018, s. 137-161

Makale Geliş Tarihi: 14.05.2018

Makale Kabul Tarihi: 05.08.2018

# شیعری کوردی، لە ڕوانگەی پێوەرەکانی دەقێتی

## بە نموونەی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا

**پ.د. نەوزاد وقاص سعیدـ م. ڕێبوارمحمداسماعیل**

**Rebiwar Muhammed Ismail[1] — Nawzad Waqas Sahid[2]**

## کورتە

ئەم توێژینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی (شیعری کوردی، لە ڕوانگەی پێوەرەکانی دەقێتی، بە نموونەی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا) دایە ، تەوەرەیەکە لە نامەی دکتۆرا، بە شێوەیەکی گشتی ڕێگایەکە بۆ خستنە ڕووی خاسییەت و سروشتی دەق، کە لە لایەن ڕەخنەگر و تیۆریست و نووسەرانەوە بە گوزارشتی جۆراوجۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە و لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەیی ئەدەبی و هونەرییەوە خویندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

لێرەدا ئاماژە بە سروشت و بەهای دەق کراوە، لە چوارچێوەی تێڕوانینە تیۆری و ڕەخنەییەکانەوە، ئەو پێوانە و پێوەرە گشتی و تایبەتییانەی وەك مەرجێك بۆ بەهای دەق بوون خراونەتەڕوو، بەهۆییانەوە دەق ناسنامەی زانستیانەی دەقبوون و جۆری دەق بوونی خۆی وەردەگرێت، هەروەها سەرەڕای ئەوانە زۆر مەرجی تریش بۆ چەمکی دەق و دەقبوون، پێشکەش کراوە، کە هەموو ئەوانە چەند خاسییەت و پێوەرێکی

[1] Lecturer, Department of Kurdish Language, College of Education, Salahadin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq rebwarafo2@gmail.com

[2] Professor, Department of Kurdish Language, College of Education, Salahadin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq

گشتین بۆ وجودی ناوەخن و فۆڕم (دەقێتی)، چونکە ناکرێت هەموو ئەم پێوەرانە بەسەر یەك جۆرە دەقدا فەرز بکرێن.

دواتر لە ژێر ڕۆشنایی چەمکی دەق و خاسییەت و پێوەرەکانی دەقبووندا، خویندنەوەیەکی تیۆری و ڕەخنەیی بۆ دەقی شیعری کوردی لە کرمانجی خواروو کراوە، دەقی شیعری لەم قوتابخانەیەدا، دەکەوێتە ناو بازنە ئەو مەرج و پێوەرە تیۆری و ڕەخنەییانەی، کە لەمەڕ دەقەوە لە لایەن توێژەرانەوە پێشکەش کراون، بەپێی ئەو پێوەرانەی، کە لە بنەما تایبەتی و گشتییەکانی دەق دەڕوانێت، دەقی شیعری کرمانجی خواروو پابەندە بە پێوەرەکان و ناسنامەی دەقبوون وەردەگرێت. چونکە بنیادی دەقی شیعری کرمانجی خواروو، لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، جیاکاری خۆی هەیە، لە ڕووی "زمان و پەیامداری و ناسنامە و جۆری ژانرییەتی و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەك "بیر، خەیاڵ، سۆز، فۆڕم"، هەڵگری شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی، ئەو ڕەهەندانە پێکهاتەی دەقەکەیان بینا کردووە، ئەمانەش سیفەتی گۆڕاوییان هەیە، بۆیە بە درێژایی مێژووی ئەم قوتابخانەیە بە گۆڕانی هەر ڕەهەندێك لەو ڕەهەندانەی دەق شێواز و بنیاتی دەقەکەش گۆڕاوە، ئەمەش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و میزانکردنی دەقی شیعری کرمانجی خواروو بەدەست دێت، بە چەمك و پێوەرە تیۆری و ڕەخنەییەکان.

## ÖZ

### *Metinselliğin Kriterleri Açısından Bakıldığında Kürt Şiiri, Örnek Olarak Orta Kürt Lehçesinin Kürt Şiir Metinleri*

Bu araştırma, “Kürtçe Şiir, metinselliğin ölçütleri, Orta Kürt lehçesinin Kürt şiir metinleri bir örnek olarak ele alınmıştır.” Metin niteliğini ve özelliklerini incelemek çalışmanım kapsamındadır. Metin-eleştirmenler ve teorisyenler tarafından çeşitli şekillerde yoğunlaşmış, edebiyat felsefesi, edebi eleştiri ve edebi teori çerçevesinde farklı yorumlanmıştır. Bu araştırma, teorik ve eleştirel bakış açıları çerçevesinde metnin doğasına ve değerine ışık tutmaktadır. Bu çalışma metinselliğin genel ve özel kriterlerini vurgular ve bu kriterler temelinde bir metnin bilimsel kimliğini aldığını iddia eder. Bu ölçüler, metinselliğin varlığı için bazı genel özelliklerdir ve bir metin türüne uygulanamazlar.

Araştırma, metin kavramı ve metinselkriterler ışığında, Orta Kürt lehçesinin Kürt şiir metinlerinin teorik ve eleştirel bir analizini vermektedir. “Metin” in genel ve özel ilkelerini dikkate alan ölçütlere göre, Kürtçe metinlerin Kürtçe metinleri, bu kriterlere bağlanır ve metinselliğin kimliğini alır. Bunun nedeni, Orta Kürt lehçesinin Kürt şiir metinlerinin yapısının, dil, anlamlılık, kimlik, tür türü ve düşünce, hayal gücü, duygu ve biçim gibi edebi unsurlar bakımından kendine özgü özellikleri olmasıdır. Bu yönler metinlerin yapısını oluşturur. Bu edebi okulun tarihi boyunca, metinleri teorik ve eleştirel ölçütlerle analiz ederek ve inceleyerek bilinebilecek olan yönler değişmiştir.

**Anahtar kelimeler**: Metinbilim, Metin doğası, Metin Yapısı, Amaçlılık, Uyum, Durumsallık, Bilişsellik, Metinlerarasılık



## ABSTRACT

### *Kurdish Poetry from the Perspective of the Criteria of Textuality, Kurdish Poetry Texts of Central Kurdish Dialect as an Example*

This research is entitled “Kurdish Poetry from the perspective of the criteria of textuality, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect as an example". It is part of the doctoral thesis which aims at examining the nature and properties of text. This – the nature of text - has been focused on by critics and theorists in various ways. It has also been interpreted differently within the framework of the philosophy of literature, literary criticism and literary theory.

This research sheds light on the nature and value of text within the framework of theoretical and critical viewpoints. It highlights the general and specific criteria of textuality and claims that on the basis of those criteria a text receives its scientific identity. These measures are some general features for the existence of textuality and they cannot be imposed on one type of text.

The research gives a theoretical and critical analysis of Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect in the light of the concept of text and its texuality criteria. According to the criteria, that consider the general and specific principles of "text", Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect are bound to those criteria and receive identity of textuality. This is because the structure of Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect has its own properties in respect of language, meaningfulness, identity, type of genre and literary elements such as idea, imagination, emotion and form. These aspects build the structure of the texts. The aspects, throughout the history of this literary school, have changed which could be known through analyzing and studying the texts with the theoretical and critical criteria.

**Key words:** Textuality, The nature of Text, Structure of Text, Intentionality, Cohesion, Situationality, Informativity, Intertextuality

**پێشەکی**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر چەمکی دەق و پێوەر و خاسییەتەکانی دەقێتی، بە شێوەیەکی گشتی، دواتر باس لە دەقی شیعری دەکات لە شیعری کرمانجی خواروودا، سەبارەت بە سنووری لێکۆڵینەوەکەش، سەرەتا لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکی دەقێتی خراوەتەڕوو، دواتر لە چوارچێوەی پێوەرە گشتی و تایبەتییەکانی دەقەوە، کاری پراکتیکی لەسەر دەقی شیعری کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە شیعری قوتابخانەی کرمانجی خواروودا وەرگیراوە، چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی "نالی، سالم، کوردی، مەحوی، حاجی قادری کۆیی، حەمدی"دا، وەرگیراون، تیشکی لێکۆڵینەوەیان خراوەتەسەر بۆ سەلماندنی بۆچوونە تیۆرییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش شیکردنەوەیان بۆ کراوە بەپێی پێوانە و پێوەرەکانی دەقێتی .

ڕێبازی پەیڕەو کراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، (وەسفی ـ شیکارییە)یە، لەگەڵ خستنەڕووی هەندێك زانیاری تیۆری لەسەر چەمکی دەق و دەقێتی، دواتر بە پشت بەستن بەم زانیارییە تیۆرییانە وەسفی پێویستمان بۆ دەقی شیعری لەم قوتابخانەیەدا خستووتەڕوو و نموونە وەرگیراوەکانمان شیکردووتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەچەند تەوەرەیەك پێك دێت: لەسەرەتادا، چەمك و پێناسەی دەق لە ڕوانگەی جیاجیا و بۆچوونە تیۆرییەکانی لەسەر دەق و بابەتەکانی پەیوەست دەق خراوەتەڕوو، دواتر ئاماژەمان بەو پێوەرە گشتی و تایبەتییانە کردووە، کە زاناکان بۆ دەقێتی و مەرجەکانی دەقبوون دیارییان کردوون، ئینجا لە تەوەرەیەکی تردا جەخت لە سروشت و خاسییەتی دەقی ئەدەبی کراوەتەوە، پاشان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێوەر و خاسییەتە گشتی و تایبەتییانە، شیکردنەوەمان بۆ شیعری کوردی لە قوتابخانەی کرمانجی خواروو کردووە، ئاست و سروشتی شیعری کوردیمان لەسەر ئەو بنەمایانە دیاری کردووە، ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەیەش لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، لە کۆتایشدا سەرچاوەکان بە ئەلف و بێی عەرەبی و لاتینی ڕیز کراون.

چەمك و پێناسەی دەق لە ڕوانگەی جیا جیاوە

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی دەق بابەتێکی فرە ڕەهەندە و لێکەوتەی زۆری لێ کەوتووەتەوە، وەك پرۆسەیەکی ناسادەو ئاڵۆزە دەردەکەوێت و نا چێتە ناو پێناسەیەکی گشتگیرو ڕەهاوە، هاوکێشەیەکی جێگیر و دیاری بۆ نییە.

ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە پێکهاتەی بنیادی دەق و ڕەهەند و جەمسەرەکانی پەیوەست بەدەقدا دەبینێتەوە. بەواتایەکی وردتر، دەرکەوتنی پرۆسەی دەق بەشێواز و فۆڕمی جیاجیا، هەروەها بوونی بنیاتی هونەری و لایەنی زمانەوانی دەق و بوونی لەمێژینەی دەق و بەرهەمهێنان و زیندوویەتی دەق و فراوانبوونی لێکەوتەکانی دەق و پەرسەندن و گۆڕانی ژانرەکانی ئەدەب لەلایەك، تایبەتنەبوونی بەرهەمهێنانی دەق بە تاکە کەسێك و پەیوەستنەبوونی کردەکە بە قوناغێکی دیاریکراوی ژیان و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان لەسەر سروشتی دەق لەلایەکی ترەوە، کاری پێناسەکردنی چەمکی دەقیان زۆر سەخت کردووە، لەبەر ئەم جوڵانە دەق ناتوانێت لە پێناسەیەکی گشتگیر و دیاریکراودا خۆی

بەدەستەوە بدات. ئەمەش بۆ سیفەتی جوڵەی جەمسەرەکانی پەیوەست بەدەق و جوڵەی ئەم توخمانە دەگەڕێتەوە، کە بنیاتی دەقیان پێکهێناوە، سروشتی بەردەوامبوون و دووبارە بوونەوەیان هەیە لەسەردەمە جیاجیاکاندا و لە دۆخێکی دیاریکراودا بۆ هەمیشەیی جێگیر نابن، بەڵکو بەردەوام گۆڕانیان بەسەردادێت و لە جوڵە و پەرەسەندنێکی ڕێژەیی دان. ئەمەش بۆ ئەو بیردۆزە فیزیکییەمان دەبات، کە تەنی گۆڕاو ناچێتە ژێر باری پێناسەیەکی ڕەهاوە، چونکە لە دۆخی جوڵەدا شێوە و تایبەتمەندی تەنەکە دەگۆڕێت، بۆیە لە دۆخی گۆڕاندا هەر جوڵەیەك پێناسەیەك بەرهەم دێنێت، ئەم بیردۆزە بۆ دەقیش دەگونجێت و چەمکی دەقیش مەحکومە بەهەمان بنەمای فیزیکی.

دەق خاوەنی سروشتێکی گۆڕاوە، ئەمەش بەهۆی گۆڕان و جوڵەی ئەو پێکهاتە و ئاستانەی، کە بنیاتی دەقەکەیان پێکهێناوە. لەسەر ئەو بنەمایە دەق وەك چەمکێك مامەڵەی ئەدەبی و فەلسەفی و زمانەوانی لەگەڵدا دەکرێت، لە گۆشە نیگای جیاجیاوە سەیرکراوە و لەسەر بنەمای جۆراوجۆر پێناسەکراوە، چەندییەتی و چۆنییەتی بنیات و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دەق، تێڕوانین و بۆچوون و ڕووچوونی جیاجیای لەمەڕ دەقەوە بەرهەم هێناوە. هەر یەکە لە ئاراستەیەك و بەپێی بوار و شارەزایی خۆی لە دەقی ڕوانیوە و پێناسەی چەمکی دەقی کردووە. بۆنموونە هەندێك بۆ پێناسەکردنی چەمکی دەق لە جەمسەری بکەر و بەرهەمهێنەری دەق و ژینگەی دەق دەوەستن و هەندێکی تر لە بنیاتی زمانی و هونەری و ئاستی ئیستێتیکی دەق دەڕوانن و هەندێکی تر لە پەیامداری دەق و لێکەوتە و کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە، هەندێکی تر لە فۆرم و قەبارەی دەقەوە دەق پێناسە دەکەن، هەر یەکە لەمانە لە ڕوانگەی خۆیی و بوارەکەی خۆیەوە لە سروشتی دەقی ڕوانیوە، چییەتی و چۆنییەتی سروشتی دەقیان لە گۆشەیەکەوە پێناسەکردووە، دەشێت گۆشە و لایەنی تریان فەرامۆش کردبێت، دەکرێت بڵێین هەموو ئەم پێناسانەی، کە بۆ چەمکی دەق خراونەتەڕوو کە هەندێکیان پەیوەستە بەلایەنی تیۆری و هەندێك بەلایەنی پراکتیکی دەق و هەندێکیان پەیوەستە بەلایەنی هەنوکەیی دەق و هەندێکییان بەلایەنی مێژووی دەق یان بابەتی بوونی دەق و لایەنی کۆمەڵایەتی دەق، هەموو ئەمانەبەیەکەوە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیەکی فراوان لەسەر چەمکی دەق بەرجەستە دەکەن، ‘‘دەق "سوود" و گرنگی خۆی وەك لایەنێکی تیۆری لە زانستی دەق و تیۆری دەق و شیکردنەوەی دەقدا وەردەگرێت، لە هەموو ئەمانەشدا پێناسە و تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەق، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زمانی و ڕۆشنبیری و مێژووی و هزریدا لە ئارادا هەیە’’(بایز،74 - 75).ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە تێڕوانینی کۆن جیایە لەگەڵ ڕوانگەی نوێخوازەکان بۆ چەمکی دەق، هەروەها پێناسەی فەلسەفە بۆ دەق لە پێناسەکانی تر جیایە، بەو واتایەی هەر یەکە لە بوارەکانی تری وەك: (زمانەوانی و ئەدەبی و هونەری و ئایینی... تاد) پێناسەی خۆیان بۆ ئەم چەمکە هەیە. هەروەك وتمان تەنانەت لە ناو خودی یەك بواریشدا، ئاراستە و تێگەیشتنی جیاجیا هەیە، زاناکانی ناو یەك بواریش هەریەکەیان بەجۆرێکی جیا لە سروشتی دەق دەڕوانن، ڕەخنەگرێك یان شاعیرێك یاخود ئەدیبێك دوور لە ڕوانگەی زانستی لە ژێر کاریگەری هونەرو ئەدەب و ئیستێتیکییەوە پێناسەی دەق دەکات، کۆمەڵناس بەهای دەق بە کۆمەڵگاوە پەیوەست دەکات، زانا دەروونناسەکان گرنگی خۆیان لە لایەنی دەروونی نوسەر و نائاگایی دەقدا چڕ دەکەنەوە، توێژەری زمانەوانی پرۆسەی دەق بەکەرەستە و ئاستەکانی زمانەوە بەند دەکات. هەندێك زانا لەسەر بنەمای لایەن و مەبەستێکی دیاریکراو پێناسەی دەق دەکەن و بەشێکی تریش زۆر فراوانتر و لەچەند ڕوویەکەوە بۆ پێناسەکردنی دەق دەچن، بۆنموونە لای (هیلمسلیف) "دەق مانایەکی زۆر فراوانی وەرگرتووە، دەق هەموو گۆکردنێك دەگرێتەوە، جا نوسراوبێت یان وتراوێکی زارەکی بێت، درێژ بێ یاخود کورت، کۆن بێت یا نوێ"(بن ژریل، 2000، ص54). دەق بەپێی ئەم پێناسەیە، ڕووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە، لێرەدا دەق دەبێتە هەڵگری کۆمەڵێك ناسنامە لەبەر فراوانی هەمەلایەنی پێناسەکە، دەق بە ئاراستەیەکی دیاریکراو و سەردەم و فۆرمەوە نەبەستراوەتەوە هەروەها بە شێوازی بەیان کردنیش مەرجدار نەکراوە، لەبەرامبەر ئەم ناساندنە فراوانەی دەقدا، کە زۆر لایەن دەگرێتەوە، پۆل ریکۆر (Paul Recour) پێناسەی دەق لە هەندێك لایەنی وەك لایەنی زارەکی دوور دەکاتەوە وجەخت لە پرسەی تۆمارکردن دەکاتەوە و دەڵێت: "دەق ئەو گوتارەیە، کەوا بە نوسین جێگیر کراوە"(یقطین، 1989، ص5). لێرەدا ئەوە دەبینین، کەوا پۆل ڕیکۆر

دەق و خۆسەلماندنی دەق پەیوەست دەکات بە پرۆسەی نوسینەوە، لێرەدا فۆڕمێك بۆ دەق دروست دەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەرجدار کردنی چەمکی دەقە و لەمەشەوە ئامانجی پێناسەکردن و تێڕوانینی دەق لە گۆشەیەکەوە دێتەجێ.

هەندێکی تر بۆ چەمکی دەق باس لە بەشداری و ڕێژەی دانەی زمانی دەکەن، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقدا. واتە دەرکەوتەی دەق لە ڕووی قەبارە و ڕێژەی وشە و ڕستەی بەکارهاتوو لەگەڵ ئەو واتایەی کە لێیانەوە بارکراوە، یاخود بڵێین قەبارەی بەرجەستەکراوی دەق وشەیەك دەبێت یان ڕستەیەکە یاخود پەراگراف و بەرهەم و کتێبێکی تەواوە، یاخود دێڕە شیعرێکە یان غەزەلێکە یانیش بە قەد قەسیدە و ڕۆمانێکە، هەندێك لە ڕووی قەبارەوە بەرجەستە بوونی دەق گەورەتر لە ڕستەیەك دەبینن، دەق "ئەو دانە زمانییە دەگرێتەوە، کە لە سەروو ڕستەیەکەوە پێك دێت" ( ڕافێل، 2009، ل43). هەروەها تۆدۆرۆڤ (Todrouf) لە پێناسەیەکیدا بۆ دەق ئەوە دەخاتە ڕوو، کە "دەق پێکهاتەیەکی سەربەخۆیی داخراوە و لە کۆمەڵێ ڕستە پێکهاتووە و واتایەکی ڕوونی هەیە)(مشیر، 2014، ل47). لێرەدا دەق وەکو پێکهاتەیەك سەیر دەکرێت، کە سیفەتی سەربەخۆی هەیە و ناچێتە دۆخی پەراوێز بوونەوە، ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەك ئەم پێکهاتە سەربەخۆییەیان پێکهێناوە، کە بەهۆی بەخشینی واتاو مەبەستی دیاریکراوە جیادەکرێنەوە، ئەم واتایەش لە قەبارەی کۆمەڵێك ڕستەدا خۆی دەنوێنێت، هەرچەندە بەپێی بۆچوونی تۆدۆرۆڤ، تایبەتمەندی سەربەخۆیی و داخراوی سنوری دەق دیاری دەکات، بەڵام ئەم تایبەتمەندییەش دواتر لە بوونی ڕستەیەك یان کۆمەڵە ڕستەیەکەوە پەیدا دەبێت. بە بڕوای ڕۆلان بارت ( Roland Barthes) (دەق پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە وەك تەون و چنین وایە، کۆمەڵێك وشە و ڕستەی بەدوای یەکدا هاتوون و هەموویان پێکەوە وێنە و یەکەی واتادار دروست دەکەن) (عیاشی، 2002، ص122). جگە لەوەی کە ڕۆلان بارت ئاماژە بە قەبارەی دەق دەکات بەوەی، کە لە تەونێکی ئاڵۆز پێك دێت، کە چەندین وشە و ڕستەی لە خۆگرتووە، ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەم لە خۆگرتنە بەیەکەوە گونجاون و بەجۆرێك وێنەیەکی واتادار بەرهەم دێنن و هەندێکی تر بۆ بەرهەمهێنانی دەق یاخۆد بۆ دروستکردنی وێنەیەکی واتادار لە دەقدا، پێوەر بۆ ڕێژەی بەشداری وشە یان ڕستە دانانین و بەلایانەوە بنەمای چەندییەتی بۆ دەق گرنگ نییە، دەکرێت دەق نەگاتە ڕێژەی ڕستەیەکی تەواو و لە وشەیەکدا بەرجەستە بێت، بە پێی بۆچوونی (هیلمسلیف) کورتی و درێژی لە گۆکردندا بۆ دەقبوون مەرج نییە، لە ڕوانگەی ئەوەوە "وشەی "ڕاوەستە" بۆ خۆی بە تەنها دەقێکە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆمانێکدا نییە، چونکە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە هەموو بەرهەمهێنراوێکی زمانی بۆ خۆی بریتییە لە دەقێکی تەواو"(خەیات، 2011، ل8). چونکە ئەم وشەیە یەکەیەکی زمانییە و پەیامێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە، دەتوانێ لە ڕووی واتاوە ئامانجی خۆی بپێکێت، هەر بۆیە " بۆ دەق پێوەری چەندییەتی پێویست نییە، دەق دەکرێت وشەیەك بێت یان ڕستەیەك بێت یانیش بەرهەمێکی ئەدەبی بێت، دەق یەکەیەکی واتاییە و فۆرمی دیارکراوی نییە "(یقطین، ص18). هەروەها ئەگەر سەیر بکەین دەبینین، کەوا "زۆربەی دەقە باوەکان لە یەك ڕستە کەمتر پێکهاتوون، وەك: " ئاگاداری لافیتە، بۆ فرۆشتن، داخراوە" واتە کورتی و درێژی بەرچاو ناگیرێت"(توفیق، 2002، ل32). لە ڕاستیدا بەکارهێنانی فۆرمی وشەیەك بۆ دەقێك بچووکە، ئەم فۆڕمە بە ڕەهایی و بەم قەبارەیەی کەوا هەیەتی، بێ هاوپێچ و دابڕاو لە دەورووبەرو مەدلولەکانی پەیوەست بە وشەکە ئامانجی دەقێتی خۆی ناپێکێت. ئەم وشەیەی، کە وەکو دەقێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لە ڕاستیدا پرۆسەیەکە و پەڕاوێزی ونبووی هەیە، تەنیا وشەیەکی دەرکەوتووە و باقی تری و پرۆسەکە ئەرکی خۆی بەهۆی دەورووبەر و کات و زانیاری هاوبەشی نێوان نوسەر و خوێنەر جێبەجێ دەکات، دەق بەبێ ئەوانە دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگی ئەبستراکت، دەقیش لەم دانە فەرهەنگییە بچوکەدا خۆی بەیان ناکات، هەر بۆیە "لە تێگەیشتنی باودا دەق دانەیەکی زمانی پاش ڕستەیە، واتە ڕستەیەك زیاتر لە ڕۆنانیدا بەشدارن، دەبێت ئەم ڕستانە بە ڕێگای جۆراوجۆری ڕێزمانی پێکەوە ببەسترێن، تا هەموو کەس وەك دانەیەکی پتەو وەریگرێت"( ڕافێل، ل43). واتە لەدەقێکدا چەند وشە و ڕستەیەك بەشدار دەبن، تا سەربەخۆیی دەقەکە تێردەبێت، هەرچەندە ئەگەر وشەیەك یان ڕستەیەکیش دەرکەوێت، چونکە دەگونجێت وشەیەك یان ڕستەیەك ببێت بە سەرە و ئەوانی تر لە پەراوێزدا بن، لە وێوە یارمەتی

پرۆسەی مەبەستداری نوسەر و تێگەیشتنی خوێنەر بدەن، بە تایبەتی دەقی ئەدەبی لە هەر فۆڕمێكدا جێگای بكرێتەوە، ئەوا هاوپێچەكانی پەیوەست بە دەقەكە، یارمەتی پرۆسەی دەقێتی بەرهەمەكە ئەدەن، كە بەشێكی زۆریان لە هاوپێچەكانی پەیوەست بە دەقەكە لە دەرەوە و لە دوورەوەی دەقەكەدا وەستاون.

بەشێوەیەكی گشتی، زۆربەی ئەوانەی لە تیۆری ئەدەبی و شێواز و ڕەخنەی نوێ كاریان كردووە، بە تایبەتی ئەوانەی پابەندن بە تیۆری دەقەوە، دوای سەرهەڵدانی فۆرمالیست و لێكۆڵینەوەی زمانەوانە نوێیەكان، بە ئاراستەی سایكرۆنیكی زمان بۆ چەمكی دەق دەچن و لەسەر هەمان بنەمای زمانیش مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەكەن. دەق وەك كەرستە و یەكەیەكی گەورەی زمانی دەهێننە بەرباس و لە ناو بازنەی زمان و پرۆسەی زمانەوانیدا دەق دەخەنە ڕوو، بۆ بەرهەمهێنانی دەقێك یان بەرهەمێكی ئەدەبی، زمان باڵا دەستی خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە لە ئەستۆ دەگرێت، بۆیە ناسنامە و بوونی دەق پەیوەستە بەزمانەوە، (ڕۆلان بارت) بە ڕادەیەك جەخت لە زمان دەكاتەوە نەك هەر بۆ دەق، بەڵكو تەنانەت زمان دەكات بە بوون و ناسنامەی مرۆڤیش، دەڵێت: "مرۆڤ بە بەبێ زمان هیچ بوونێكی نییە" (بەرزنجی، 2009، 23). نووسەر لە ڕێگەی بەكاربردنی زمانەوە، تێگەیشتن و بینین و باری سایكۆلۆژی خۆی لە فۆڕمێكدا بەرجەستە دەكات، ئەم بەرجەستە بوونەش لە دەقدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەك (شلایر ماخر) دەڵێت: "دەق ناوەندێكی زمانییە، فكری نووسەر دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، زمانیش ئەو چوارچێوە و زەمینەیە، كە نووسەر كاری تێدەكات بۆ ئەوەی بیر و هزر و بۆچوونەكانی بگوازێتەوە"(ابو زید، 1999، ص21). بەلای شلایر ماخر پرۆسەی گواستنە و بەرجەستە كردن و وێنە كردنی بیر و هزری نوسەر بەهۆی زمانەوەیە بەو هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی، كەوا زمان هەیەتی.

سروشتی دەق و پێوەرەكانی دەقێتی

تێڕوانینە جیاوازەكانی سەر دەق و پێناسەكردنی دەق لە گۆشەی جیاجیاوە، هەروەها خستنەڕووی چەمكی دەق لەسەر بنەمای بنیاتی زمان، مەدلوول بۆ مەبەستی هزری و كۆمەڵایەتی و پەیوەستی دەق بە سیاق و فۆرم، لە لایەك و باسكردنی دەق لە چوارچێوەی ئاستەكانی زمان و واتا و دەقئاوێزان و خوێنەر و جەمسەری تر لە لایەكی تر، بابەتێكی تر دێنێتە پێشەوە ئەویش بابەتی دەق و نادەقە یاخود بڵێین بابەتی دەقێتی و دەقبوونە (Textuality). ئەم بنەمایانە كە هەر یەكە بە شێوەیەك لە شێوەكان لە پێناسەكردنی سروشتی دەق و چییەتی دەق جەختی لەسەر كراوەتەوە، بوون بە پێوەر و بەرگی دەقبوون، مەرج و پێوەرەكانیش كاریگەرییان لەسەر ناسنامە و بەهای دەق و سنوردانان هەیە لە نێوان دەق و نادەقدا، نادەق بە واتای خاڵی بوون لە بنەمادا و ناتەواوی لە بنیاتی زمان و بنیاتە هونەری و جەمسەرەكانی پەیوەست بەدەقەوە. دیسانیش پێوەر و ڕەگەزەكانی دەقبوون جۆراوجۆرن و جیاوازی لە نێوان زانایانی بواری دەقزانیدا دێتە گۆڕێ، ڕخنەگران پێكهاتەی دەقبوون بۆ چەند بنەمایەك دەگێڕنەوە بە پێی بوارو تێڕانینیان لە ئاراستەیەكی دیاریكراودا، بۆ نموونە بەپێی بۆچوونی لۆتمان (L. Lotman) دەقبوون پشت بە چەند پێكهاتەیەكی دیاریكراو دەبەستێت لەوانە:

1. گوزارشتی دەق: دەق تەمسیلی كۆمەڵێك پەیوەندی دیاریكراو دەكات، كە جیاوازە لە بنیاتە دەرەكییەكانی دەق، ئەگەر دەقەكە دەقێكی ئەدەبی بێت، ئەوا گوزارشت كردنەكەی بە هۆی هێما زمانییەكان تەواو دەبێت، گوزارشتی دەق و ناگوازرشتی دەق ناچارمان دەكات، كەوا گوزارشتی دەق بە بەرجەستەیەكی مادی دابنێین.

2. دیاریكردن: دەق پێك دێت لە دەلالەتێك، كە ناكرێت بەش بەش بكرێت، وەك ئەگەر چیرۆك بێت یان بەڵگەنامە و قەسیدەیەك بێت، دەقەكە كۆی مەبەستەكە دەگوازێتەوە، خوێنەر هەر یەكە لەو دەقانە بە سیمای تایبەتی خۆی دەناسێتەوە، لەبەر ئەوە سیمای هەر یەكێكت بۆ دەقێكی تر گواستەوە ئەوا دەبێتە هۆكارێكی گرنگ بۆ پەیادا بوونی مانای نوێ.

3. تایبەتمەندی بنیاتی دەق: دەق تەنیا بریتی نییە لە بەدوای یەكدا هاتنێك لەنێوان هێماكانی دوو ئاستی لێك جیادا، ڕێكخستنی ناوەكی دەگوازێتەوە بۆ ئاستی ئاسۆیی، بوونی بنیات مەرجێكە بۆ تەواوكردنی دەق.(بحیری، 1997، ص116 -117).

لۆتمان جەخت لەسەر دەقێتی دەکاتەوە لەسەر چەند بنەمایەك، کە پێکهاتەی دەقییان پێکهێناوە، گوزارشتکردنی دەق، کە لەپەیوەندییەکان و بنیاتە دەرەکییەکانی دەق و هێما زمانییەکانەوە دروست دەبێت و ئەمەش دەبێتە ڕەهەندێکی بەرجەستە بۆ دەقیەتی، فۆڕمی دەق یەکێکی ترە لە بنەماکان ئەم فۆڕمە ئەگەر ژانرێکی ئەدەبی بێت گوزارشت لە دەلالەتێك دەکات و خاسیەتی خۆی وەردەگرێت، گواستنەوەی خاسییەتەکان دەلالەتی نوێ بەرهەم دێنێت، بوونی بنایەتە جیاجیاکانی زمان لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ناوەکی و ئەو بنیاتەی ڕێکخستن بۆ ئەم ئاستانە دەکات، پێکهاتەیەکی تری دەقبوونە، هەروەها ڤاندایکیش (Van Dyck) بۆ بابەتی دەق جەخت لە بنەمای بنیاتی دەق دەکاتەوە ڤاندایك جیاوازی دوو جۆرە بنیاتی جیا دەخاتە ڕوو ئەوانیش: ("بنیاتی ڕووکەشی دەق و بنیاتی قووڵی دەقن"، ئەم دوو جۆرە بنیاتە گرنگترین تەوەرەن لە بوون و پێکهاتەی دەقدا، بنیاتی ڕووکەش لەسەر ئاستی بەکاربردنی وشە و ڕاناو و جێناوەکان دەوەستێت، هەرچی بنیاتی قووڵی دەقە پەیوەستە بە بنیاتی دەق لە ڕووی بابەتی زمان و دارشتنەوەی زمان و شێواز و هێلی سەرەکییەکانی دەق، لەگەڵ توانای کورتکردنەوەی دەق لە ناونیشاندا)(زنیاك، 2003، ص56). لێرەدا دەبنین ڤاندایك دەقییەتی لە دووجۆرە بنیاتدا کورت کردووەتەوە، بەهۆیەوە هەم چەمکی دەق دەخاتەڕوو هەمیش هێڵێك لە نێوان دەق و نادەق دەکێشێت، ئەو خاسیەتانەی، کە لە دەقێتی دەقێکدا بوونیان هەیە، بەسەر بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی قوڵی دەقدا دابەشیان دەکات، چەندییەتی و چۆنییەتی پێکهێنەکانی ئەم بنیاتانە دەقێتی دەخنەوە.گرنگی پشت بەستنی دەقێتی دەق بە بنیاتە جۆربەجۆرەکان لای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەروەك دەبینین، ئەمە لای ئیریك ئەنکفیست (N. Enkvist) بەدی دەکرێت، کە لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەناوی (بنیاتی دەقی سەلیم) ئاماژە بە دەقییەتی دەق دەکات، دەق لە سێ جۆرە ڕەگەزی سەرەکی پێك دێت کە بریتین لە:

1. دەق پشت بە بنیاتی ڕێزمانی تەواو دەبەستێت، ڕستەی ناتەواو دەقی ناتەواو بەرهەم دێنێت.
2. دەق پیشت دەبەستێت بە شێوەی بەیەکەوە بەستانی ڕستەکان و پەیوەندی نێوانیان.
3. دەق پشت بە دەورووبەر (سیاق) دەبەستێت.( انکفیست ، 2001 ، ص113).

ئەنکفیست دەقێتی دەبەستێتەوە بە هەردوو بنیاتی ئاسۆیی سینتاکسی دەق و بنیاتی ستونی و پەیوەندی لۆژیکی یەکەکانی پێکهاتەی دەق، لەگەڵ تەوەرەی دەورووبەر، واتە ژینگەی بەرهەمهێنانی پرۆسەی دەق بەهەموو شێوە و بارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەمسەرەکانی بەرهەمهێنەری دەق و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دەورووبەری دەقەوە. ڕۆلان بارت جەخت لەسەر پێوەری چێژی دەق دەکاتەوە، (لای بارت دەق لەشە زۆرتریش لە لەشی ژنێکی جوان دەکات، ئەو خۆشییەی دەماندات هاوشێوەی خۆشی لەشێکی ژنانەیە....، سەرخۆشی "موتعە"ی دەقیش تەنیا کاتێك دەستەبەر دەبێت کاتێك بنیادەکانی زمان هەروەها تێکڕای بنیادە ئایدۆلۆژییەکان تێك بشکێنرێن، چونکە لای بارت سەرخۆشی شتێکی ناکۆمەڵایەتییە، کەواتە تەنیا پێوەری دەق سەرخۆشییەکەمان دەداتێ) (سەراج، 2013، ل149). ڕۆلان بارت لە کتێبی "چێژی دەق"دا ئاماژە بە بنەمای چێژ و موتعەی دەق دەکات، کاتێك دەستی بەسەر بنیاتەکانی تری دەقدا داگرت، ئەوا پێوەری چێژی دەق دروست دەبێت. یەکێکی تر لەو زانایانەی، لەبواری چەمکی دەق و دەقناسیدا لێکۆڵینەوەی وردی خستۆتەڕوو، دیبوگراندە( Robert De Bojerand)، کە بەشێوەیەکی فراوان لە چەمکی دەقێتی دەڕوانێت، لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیەکی گشتی بە پێوەرەکانی دەقبوون کردووە، کە وەك مەرجێك بۆ دەقێتی دەق دەردەکەوێت لای دیبوگراند، کە بریتین لەم پێوەرانەی خوارەوە:

("بەیەکەوەنوسانCohesion "، "گونجان Coherence"، "مەبەستییەتی Lintentionality"، "پەسەندی Acceptability" ، "هەڵوێست Situationality "، "دەقئاوێزان Intertextuality "، "ڕاگەیاندنInformativity " ) (بوقراند، 1998، ص 103 -15).

ئەم پێوەرانەی، کەوا دیبوگراندە بۆ دەقییەت دەق خستووتییەڕوو، پێوەری گشتی و هەمەلایەنن، ناسنامەی دەقێتی پێك دەهێنن و سنوور لە نێوان دەق و نادەق دەکێشن، ئەم پێوەرانەی ناوبراو هەموو

جەمسەر و خاسیەتێکی پەیوەست بەدەق لە خۆی دەگرێت، ڕەهەندی دەرەکی دەق و پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق و ئاست و بنیاتە پێکهێنەکانی دەق و هەروەها کاریگەری دەق بەسەر دەورووبەرەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیر ئەم پێوانە بکەین دەبینین، کەوا ئەم حەوت پێوەرانەی دەقێتی بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەبن، بەم شێوەیە:

1. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە خودی دەقەوە، وەك پێوەری ( بەیەکەوە نوسان و گونجان)

2. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە بەکارهێنەری دەق، وەك پێوەرەکانی ( مەبەست و پەسەندی)

3. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە ژینگەی مادی و ڕۆشنبیری بازنەی دەق، وەك پێوەرەکانی ( ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان) (مصلوح، 1991، ص154).

ئاستی یەکەم، کە پێوەرەکانی بەیەکەوە نوسان و گونجان لەخۆی دەگرێت، پەیوەندی ئاسۆیی دەگرێتەوە، کە خۆی لە پابەندبوونی دەق دەبینێتەوە بە یاسا فەرهەنگی و ڕێزمانی و وشەسازییەکان بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو و گرێ و ڕستەی ڕێزمانی، هەروەها لەگەڵ پەیوەستبوونی دەق بە بنەما واتاییەکانی وەك ناسنامە و بابەتی دەق و بنەمای خستنەڕووی زانیاری و کۆتایی پێهێنانی بابەت و بنەما لۆژیکییەکانی تر.

ئاستی دووەم، پێوەری مەبەست و پەسەندی دەگرێتەوە، کە لە بازنەی ناوەکی دەق دوور دەکەوێتەوە، خۆی بە ئامانجی بەرهەمهێنەری دەق و نیازی دەق دەبەستێتەوە، هەروەکو (میخاییل باختن) دەڵێت: ‘‘دەق لە ڕێگەی دوو هۆکاری گرنگ دەبێت بە دەق ئەویش مەبەست و بەجێهێنانی مەبستەکەیە، ئەم دوو لایەنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەیەکتر دەکەن، ئەم کارلێکەش لەسەر پرۆسەی دەقێتی ڕەنگدانەوەی دەبێت’’(باختن، 1985، ص40). ئەمە سەبارەت بە پێوەری مەبەستداری، هەرچی پێوەری پەسەندێتیە پەیوەستە بە وەرگرەوە، واتە هەڵوێستی وەرگر جا خوێنەر بێت یان گوێگر لە کاتی خوێندنەوەی دەق و هۆیەکانی کارلێکی خوێنەر و ڕێژەی کاریگەر بوون و ئاوێتە بونی وەرگر لە دەقەکەدا، وەرگرتنی دەق لای وەرگر و وەڵامی هزری و دەروونی وەرگر بۆ دەقەکە، تا ڕادەیەك تەواومەندێتی دەقمان بۆ دەسەلمێنێت.

ئاستی پۆلینی سێیەم پێوەرەکانی "ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان" دەگرێتەوە، کە هەر یەکە لەوانەش لە چەندین ڕەهەندی پەیوەست بە سروشتی دەق پێك دێن، بۆنموونە ڕێژەی ئەو زانیاریانەی دەقێکی دیاریکراو بە خوێنەری دەدات، چۆنییەتی بەرجەستەبوونی زانیاری لە دەقدا، پێوەری هەڵویستیش لەسەر بنەمای گونجاوی دەق لەگەڵ بارودۆخ و پێویستییەکانی خوێنەر و سەردەمی خوێنەر دەوەستێت، لەگەڵ ئەرکی دەق و پەیوەندی دەق بە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگە، لەگەڵ بابەتی وەرگرتن و توانەوەی دەقەکانی پێشتر لە دەقێکی تردا، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە.لەسەر هەمان پێوەری دیبۆگراند بۆ دەقێتی، (تمام حسان) ئەم پێوەرانە بۆ پێنج پێوەر کورت دەکاتەوە، ئەوانیش بریتین لە هەر یەکە لە پێوەرەکانی "مەبەست و دەقئاوێزان و هەڵوێست و ڕاگەیاندن و پەسەندی"، کە پەیوەندییان بە پێکهاتەی گشتی دەقەوە هەیە نەك ڕێزمانی ڕستەکانی دەق، ئەو پێوەرانەش هەندێکیان بۆ لایەنی شێواز دەگەڕێتەوە، وەکو پێوەری (دەقئاوێزان)، هەندێك پێوەریش بۆ لایەنی ڕەوانبێژی وەك پێوەرەکانی (هەڵوێست و ڕاگەیاندن) هەندێکیشیان پەیوەستە بە بەرهەمی دەق و وەرگری دەق وەك پێوەری ( مەبەست و پەسەندی)(عفیفی، 2001، ص77).جگە لەمانە چەندین مەرج و پێوەری تر بۆ چەمکی دەقێتی خراوەتە ڕوو لە لایەن ڕەخنەگران و تیۆریستانی ئەدەبی، ئەوانەی ئاماژەیان پێکراوە پێوەرو چەند خاسییەتێکی گشتین بۆ فۆڕمی گشتی و بوونە سەربەخۆییەکەی (دەقێتی)، چونکە ناکرێت چەند پێوەرێك بەسەر هەموو جۆرە دەقێکدا فەرز بکرێت، هەموو جۆرە دەقێك ناکەوێتە ژێر باری چەند ڕەگەز و مەرجێکی دیاری کراوەوە بۆ ئەوەی بەهای دەقێتی خۆی بسەلمێنێت.

## سروشت و تایبەتمەندێتی دەقی ئەدەبی

بەشێوەیەکی گشتی دەق لەسەر بنەمای زانستە ئەبستراکت و زانستە مرۆڤایەتییەکان دابەش دەبێت بۆ "دەقی زانستی و دەقی ئەدەبی" هەر دەقێکیش لەوانە پێوەر و جیاکاری خۆی هەیە و ئەرکێك بەڕێوە دەبات، دەقی زانستی بابەتە زانستییە ڕووتەکان و ڕاستی نەگۆڕ و باس و هاوکێشە زانستییەکان لە خۆی دەگرێت، کە شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە لە نوسین و خستنەڕوودا، شێوازی دەقی زانستی (لە زانستە ڕووتەکان بەکاردێت بۆ بابەتەکانی "کیمیا و فیزیا و ئەندازیاری و زانستی پزیشکی"، کە مەبەستی سەرەکی فێرکردن و گەیاندنی زانیارییە، دارشتنی ناوەرۆکەکەی پشت دەبەستێت بە وشەو دەستەواژەی ڕووت و ئاشکرا و دوور لە سۆز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و لایەنی هونەری)( بیرقدار، 2009، internet). لەبەرامبەریشدا دەقی ئەدەبی بە ئاراستەیەکی تر ڕێ دەکات، شێوازی جیاواز و پێوەر و پەیام و ئەرکێکی تر جێبەجێ دەکات.

سەبارەت بەدەقی ئەدەبی یاخود بڵین چەمکی دەقێتی لە بازنەی ئەدەبدا، کە مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئێمەیە، ئەوا دەتونین بڵێن، کە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی تێڕوانینی ئەدەبیانە بۆ چەمکی دەق و دەقێتی دەخەنەڕوو. دەقی ئەدەبی بە کۆمەڵێك مەرج و پێوەری تایبەت مەحکوم دەکەن، بە واتایەکی تر دەقی ئەدەبی و دەقێتی لە چوارچێوەی ئەدەبدا، سەرەڕای پێوەر و خاسیەتە گشتییەکانی دەقێتی و دەقبوون، کۆمەڵێك ڕەهەندی تریش لە خۆی دەگرێت، تەنیا ڕەهەندی ناوەکی و بنیاتی زمان بەشدار نییە لە ناسنامەی دەقێتی بەرهەمێکی ئەدەبی، بەڵکو پەیام و ئەرك و بابەتی تر و بنیاتی تر دێنە ناو بازنەکەوە.

دەقی ئەدەبی بەرپرسیارییەتی تری لەسەر شانە، کە خۆی لە بەرپرسیارییەتی مەعریفی و ئیستاتیکی و پەیامداری و ئەرکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەرکە جۆربەجۆرەکانی تر دەبینێتەوە، “دەقی ئەدەبی دەریایەکی مەعریفییە وابەستەیە بە ڕەگەزەکانی ئەدەبی و گەلێك لایەنی هونەری و ئیستاتیکی، بنەماکانی دەق و پرۆسەی داهێنان و ئەرك و پەیام و گرنگی کاریگەری هەموو دەقێکیش بە تایبەتی لە ڕووی چێژو خۆشی بەخشینەوە بەستراوەتەوە بەهەر دوو لایەنی توانا و ئەزموون و سەلیقە و ئایدیای نووسەرو ئاستی فکری و تێگەیشتن و ئاوێتەبوونی خوێنەر”(فەتاح، 2015، ل59)، دەقی ئەدەبی فۆڕمێکی بەرجەستەکراوە، کە ڕوخسارو ناوەرۆکێکی پتەوەی هەیە و نوێنەرایەتی خەیاڵ و هەست و سۆزی نوسەر دەکات، توخمی ڕابردوو و ئیستا و داهاتووی لە خۆ گرتووە. دەقی ئەدەبی لە کرۆك و هەناوی خۆیدا بارە کۆمەڵایەتی و دروونییەکانی نوسەر بەیان دەکا، بەواتایەکی تر “دەقی ئەدەبی داتاشینی جەستەیەکە تەنها بەهرەمەندانی دەق و خالقەکانی دەق دەزانن ئەم جەستەیە چەند ئەستەم و دژوارە، چونکە ناکرێت دەقێك داڕێژین ئاگری گەش و باوەشێك بای ئەفسانەو چەندین کەرەستەی موعانات و هەڵچوون و عاتیفە و خۆشەویستی پێ نەبی، لە دارشتەیەکی فۆکۆیانە دەق دەبێتە کۆڵەگەی دامەزراوەیەکی پڕ لە نهێنی، کە هەر هەموویان خۆیان لە جەستەیەکدا دەدۆزنەوە، کە بەهرەمەندی دەق مەبەستییەتی”(دەشتی، 2013، ل434). بەم جۆرە دەقی ئەدەبی جەستەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە دیوی دەرەوەیدا ڕووخسار و ئەدگاری تایبەت بەخۆی هەیە و لە دیوی ژوورەوەی ئەم جەستەیەشدا ناوەرۆك و مەبەست و ئەرك و پەیام ئامادەیە، جگە لەمە دەقی ئەدەبی ڕەهەندی زانیاری و مەعریفیشی هەیە، واتا جەستەکە هەر تەنیا لە ڕەهەندە دەروونی وسایکۆلۆژییەکان پێك نایەت، بەڵکو پرۆژەیەکی مەعریفش لە مێشکی ئەم جەستەیەدا بوونی هەیە “دەقی ئەدەبی بریتییە لە کۆمەڵێك مەعریفەی مرۆیی، کە زانیاری ئەدەبی و مەعریفەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لەخۆدەگرێت، نەك هەر ئەم زانیارییانە بەڵکو زانیاری ئابوری و زانستەکانی تریش لەخۆدەگرێت”(ابریر، 1995، ص12). واتە دەقی ئەدەبی بوونی مەعریفەیەکی گەورەی تێدا بەدی دەکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە “دەقی ئەدەبی وەك حاڵەتی کەرنەڤاڵێك وایە، کە ڕۆشنبیرییەکانی تێدا کۆ دەبێتەوە و تێکەڵیان دەبێت”(ئەمین، 2013، ل39)، دەق لە ناو بازنەی ئەدەب و هونەردا، بەپێی تیۆرە ئەدەبی و ئاراستە ڕەخنەییەکان، فرە بنیاتە و بەهۆیەوە چاوەڕوانی ئامانجی گەورەی لێ دەکرێت لە ڕووی مێژووی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی، دەق لەو چوارچێوەیەدا بە ئەرکێکی زۆر فراوان هەڵدەستێت، لەبەر سروشتی پەیوەندی ئەدەب بەژیان و مرۆڤەوە، “بابەتی دەقی ئەدەبی هەموو دنیایە، دنیاش گەلێك بەرینە و هەموو مرۆڤ و ژینگە و دەوروبەری مرۆڤ دەگرێتەوە، دەرێی مرۆڤ و ناوەوەی مرۆڤ

145

دەگرێتەوە، ئەدەب مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دنیادا دەکات بە بابەت و نێوەرۆکی خۆی”(عارف، 2009، ل109). بەم شێوەیە لەژێر ڕۆشنیای جۆرییەتی دەقی ئەدەبیدا، خاسیەت وپێوەرەکانی دەقیش ئاراستەیەکی تایبەت بە سروشتی ئەدەبی و هونەری وەردەگرن، بۆ چەمکی دەقێتی لەو بازنەیەدا جەخت لە پێوەرە تایبەتییەکانی دەق دەکرێتەوە، دیسان دەقی ئەدەبیش بازنەیەکی فراوانە و ڕووبەرێکی زۆر گەورە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، کە هەموو ژانرە ئەدبییەکان دەگرێتەوە، دەقی ئەدەبی بە هەردوو جۆری نوسراو نەنوسراوەوە، لە جۆری ئەدەبی نوسراویشدا بە هەردوو لقی دەقی شیعر و دەقی پەخشانەوە، لە چەندین ژانری جۆراوجۆر پێکدێن، کە هەر یەکەیان پێوەری گشتی لە بازنەی دەق و پێوەری تایبەت لە بازنەی دەقی ئەدەبی و پێوەری تایبەتی تریش لە بازنەی ژانرییەتی خۆی وەردەگرێت و بەمەش ناسنامەی دەقێتی و جۆری ژانرێتی خۆی دەسەلمێنێت.

شیعری کرمانجی خواروو لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە گشتییەکانی دەقێتی

پێوەرە گشتییەکانی دەق، بوون بە بنەما بۆ جیاکردنەوەی دەق و نادەق، ئەم پێوەرانە لە بازنەی گشتی دەق دەسوڕێنەوە، دوور لە پێوەرە تایبەتییەکان لەناو بازنەی ژانرێکی دیاریکراوی ئەدەب. ئەم پێوەرانە، بەر لە پێوەری تایبەتی ناسنامەی دەقبوون بە چالاکییەکی دەربڕاو دەبەخشن، دواتر پێوەری تایبەتیش دێتە پێشەوە بۆ بەخشینی فۆڕم و ناسنامەی جۆری دەق و خاسیەتەکانی دەق لە بازنەیەکی دیاریکراودا. دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووودا بەپێی پێوەرەگشتییەکانی دەق، ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، لە ناو بازنەی دەقی شیعریشدا جیاکاری و پێوەری تایبەت بە دەقی شیعری خۆی هەیە، تیۆری ئەدەبیش زیاتر جەخت لە پێوەرەگشتییەکانی دەق و چوارچێوەی گشتییەکانی دەقی شیعری دەکاتەوە و پێوەرە زۆر ورد و تایبەتییەکانی دەقێکی شیعری بۆ بواری ڕەخنەی ئەدەبی بەجێدێڵێت.هەموو ئەو پێوەرە گشتییانەی، کە بۆ دەقبوون لە لایەن تیۆریست و زاناکانەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لە ئەدەبی هەموو نەتەوە و سەردەمێکدا بەدی دەکرێت، بە پێی تایبەتمەندی ژینگەی دەق لە هەموو ڕوێکەوە، دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووداا، هەڵگری هەمان ئەو پێوەرانەیە، کە ناسنامەی دەقێتی بە دەق دەبەخشن، ئەمەش کاتی دەردەکەوێت، کە دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا بە تەرازووی ئەم ڕەگەزو پێوەرانە کێشانی بۆ دەکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە "بنیاتی زمان و بنیاتە هونەرییەکان و مەبست و دەلالەتی دەق و گونجان و دەقئاوێزان و چێژی دەق و ڕەگەزەکانی ئەدەب و جەمسەرەکانی پەیوەست بە دەق،..تاد."

ئەگەر لە دەقی شیعری کرمانجی خواروو بڕوانین، بەپێی پێوەری دەربڕین، کە فۆڕم و وێنەیەکی ماددی بە دەق دەبەخشێت، ئەوا دەقی شیعری کرمانجی خواروو شێوازی دەربڕین و جۆری خۆ بەرجەستەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، بەپێی ئەم پێوەرە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەکانەوە، چوارچێوەیەکی بەرجەستە بۆ دەقی ئەدەبی دروست دەبێت، کە "ڤاندایك" بە بنیاتی ڕووکەش دەیبەستێتەوە و "لۆتمان"یش ئەم بەشە بەدەربڕین یان شێوازی دەربڕین دادەنێت، ئەم دەربڕینەش بە هۆی هێما زمانییەکان ئەنجام دەدرێت، بەپی دوالیزمی "زمان" و " ئاخاوتن"ی سوسێر دەقی شیعریش چالاکییەکی دەربڕاوە، بەهەمان شێوەی ئاخاوتن (کۆدی زمانی دەربڕی فکرەکەیە، کردارێکی سایکۆلۆجی یارمەتیدەری تاکە بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئاستی دەرەوە) (محمد، 2008، ل52). دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووودا لە ڕێگەی کۆدی زمانی و بەکاربردنی وشە و ڕاناو و جێناوەکان و کەرەستەکانی تری زمان دەوەستێت و خۆی وێنا دەکات، ئەمەش دەبێتە بنیاتی ڕووکەش و کە لە چالاکی بەکارهێنانی وشە و کەرەستەی تر گوزارشت لە دەقێتی خۆی دەکات، بەڵام ئەم چالاکییەش لە مەرج و قاڵبی هونەری و ئیستاتیکی دەدرێت. بێگومان دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووودا وەك چالاکییەکی هونەرییە، هەڵگری بنیاتێکی ڕێزمانی تایبەت بە زمانی نەتەوەکەی خۆیەتی لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، کە لە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و لایەنە ئیستاتیکییەکان پرۆسەی گوزارشتکردنی بابەتێك بنیات دەنێت، کە ئەمەش دەبێتە ڕەگەز و پێوەرێکی تر بۆ مەسەلەی دەق، هەروەك ئیریك ئەنکفیست بۆ دەقبوون ئاماژەی بەم بنیاتە ڕێزمانییە کردووە لەگەڵ سیستەمی پەیوەندی نێوانیان ڕستەکان ، کە خۆی لە ئاست و لقە ئاستەکانی زماندا دەبینێتەوە، هەر لە بوونی دەنگەوە بگرە تا دەگاتەوە ئاستی ڕستە و سیستەمی ڕێزمانی نێوانیان و کەرەستەکانی پەیوەندی

کردن، هەر چەندە ئەم بنیاتە ڕێزمانییە لە دەقی شیعری بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و دەکەوێتە ژێر حوکمی هەستی ئیستاتیکای شاعیر و دووچاری تێکشکان و لادانە جۆربەجۆرەکان دەبێتەوە، چونکە بەکاربردنی زمان لای شاعیر دۆخێکی تایبەت بە شیعریەت وەردەگرێت، کەواتە " ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسەنایەتی تێدا بێ، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ، توانای ڕەسەنایەتی کە توانایەکە لە هەموو ئاخێوەرێکدا هەیە، لە پیادە کردنی توانای یاساکانی زمانەکەوە دێ، توانای داهێنان، کە بەزۆری لە شاعیردا هەیە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ،..... بۆ ئەوەی لە ڕەسەنایەتییەوە بگەینە داهێنان دەبێ زۆر بەوردی هەڵەی ڕێزمانی و واتایی و فۆنۆلۆژی لە "لادان" و بەزاندن"ی یاسا زمانییەکان جیا بکەینەوە. ئەمەش بەوە دەکرێت بزانین "لادان" و "بەزاندن" بۆ مەبەستێکی ئەدەبی دەبێ واتە گرنگییەکی تێدایە و شاعیر چاك ئاگادارییەتی دەزانێت بۆ وەها دەکات. هەرچی هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنوسی و واتایی ئاساییە شاعیر لێی بە ئاگا نییە و بە مەبەست نەی کردووە" (فتاح،2010، ل 403 - 404). واتا لادان و تێکشکاندن و بەزاندنی زمان و مەسەلەکانی تری وەك میتافۆڕ و ئیدیۆم و ئیکۆنۆمی لە زماندا، دەبنە بەشێك لەو بنیاتە قۆڵەی، کە دەقی شیعری هەیەتی و لە زمانەوانیدا دەق لەسەری دەوەستێت و گرنگی پێدەدات. لە چوارچێوە گشتییەکەیدا شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، ئەو بنیاتە قوڵەی هەیە، کە ڤاندایك ئاماژەی پێ کردووە، کە خۆی لەچەندین تەوەری وەك " زمان و دارشتنەوەی زمان و شێواز، خستنەڕووی دەق لە ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکاندا" دەبینێتەوە، ئەم بنیاتە لە شیعری کرمانجی خوارووەدا، جیاکاری و تایبەتمەندی وەردەگرێت بە پێی سروشتی زمانی دەربڕین و یاسا فەرهەنگی و ڕێزمانییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی.دوای بەرجەستەبوونی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروو بەهۆی هێما و دانە زمانییەکان لە پرۆسەی دەربڕیندا و بەجۆرێك، کە خاوەنی بیناتێکی ڕێزمانییە، پێوەرێکی تری دەق دێتە پێشەوە، کە بریتییە لە بوونی دەلالەت و لێکەوتەی مەبەستێکی دیاریکراو لە پرۆسەی دەربڕین و بەرجەستەبوونی دەقی شیعریدا، کۆی پرۆسەی بەرجەستەکردنە ڕێزمانییەکە بۆ گەیاندنی دەلالەت و گواستنەوەی مەبەستێکە لە شاعیرەوە، واتە فۆڕمی دەق کە بەهۆی کۆدەکانی زمانەوە بەرجەستەبووە و بیناتێکی ڕێزمانی هەیە، هەر بەمە ناوەستێت بەڵکو گوزارشت لە مەبەست و دەلالەتێك دەکات، بەمەش دەق لە ڕێگەی ئەم پێوەر و بنیاتانەوە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی وەردەگرێت، ئەم خاسییەتانەش فۆڕمەکانی دەقیان لەیەکتر جیاکردەوە و تا بوون بە فۆڕم و ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراو، لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا بەشێوەیەکی گشتی دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووەدا مەبەست و دەلالەتێك لە پشتی کۆدەکانی زمان باردەکات و بەڕێگەیەکی ڕیزمانیدا دەیانگوازێتەوە، ئەمەش پێوەری گشتین بۆ بەخشینی ناسنامەی دەقێتی بە پرۆسەی دەربڕین. واتە لەدەقدا، زمان ناسنامەی دەق و دەقبوون دیاری دەکات، نالی وەك دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە ئەم کارە ئاسان دەکات و زمانی کوردی و ئاستێکی بەرزی ئەم زمانە بۆ دەقی شیعری بەکاردێنێت لە کرمانجی خوارووەدا. هەروەکو خۆی ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت:

**طەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**

**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی، لە ''عمدا'' وا دەکا**

تادەگاتە......

**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟!**

**کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟! (نالی، دیوان، ل 106 -107)**

بەکارهێنانی زاری کرمانجی خواروو لە بەرهەمە شیعرییەکانی نالیدا، بوو بەناسنامەی دەق لەم قوتابخانەیدا بۆیە پەیڕەوانێکی زۆری بۆ پەیدا بوو، هەروەها باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی تردا کێشا.دواتر بواری بەردەوامبوون و پەرەپێدانی بۆ خەڵکانی دوای خۆی واڵا کرد، (لەسەر دەستی نالیدا شیعر چەکەرەو ڕەنگ و ڕوخسارێکی تری کولتوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەخۆوە دەگرێت، بۆ پاشتر دەبێتە یەکێك لە کۆمەڵەکە و هیمە پتەوەکانی زمان و ئەدەبەکەی) (نادر، 2014، ل106). نوسینی دەقی شیعری بە زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی خواروو، بووە

هۆکاری بەر پاکردنی بارودۆخێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا، دیارە (نالی لەو باوەڕەدابوو کە زمانی کوردی لەو پلەو پایەدایە کە دەتوانرێت شیعری بەرزی پێ بوترێت) (کاکی، 2008، ل46). دوور کەوتنەوە لە زمانە بیانییەکانی وەك "عەرەبی و فارسی و تورکی"، ناسنامەی دەقی شیعری کوردی گۆڕی لە ڕوانگەی تیۆری ئەدەبییەوە، هاوکێشەی ئەدەب بەمە گۆڕان و بازدانی گەورەی بەسەردا دێت، بەکارهێنانی زمان هەوێنی سەرهەڵدانی دەق و جۆرە جیاوازەکانی دەق و دەلالەتی نوێیە لەناو دەقدا، لە دایکبوونی دەقیش سودێکی زۆر بە زمان و کلتووری نەتەوە دەگەیێنێت، لەگەڵ ئەوەی، کە نالی بەهۆی نووسینی دەق بەزمانی کوردی دووچاری ڕەخنە لێگرتن بۆتەوە، لەو ڕۆژگارەی کە نالی تێیدا ژیاوە نوسینی شیعر بە زمانی خۆی بە لاوازی لە قەڵەم دراوە، هەر بۆیە ئەم دەقەی سەرەوە وەڵام و بەرپەرچدانەوەی شاعیرە بۆ ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بەم بابەتە ئاراستەی کراوە، دواتر زۆری نەبرد ئەم کارەی شوێنی خۆی گرت و پەیڕەوەی لێکرا، شاعیری تر بەهەمان زمان دەقی شیعری نوێی پێشکەش کرد، بەجۆرێك ئەم زمانە چووە دۆخی بەرگری لێ کردن و شانازی پێوە کردن، بۆ نموونە مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:.

**کوردی مەستی دەردی بادەی عیشقە، وێردی نظمی ورد**

**دەردی هیجرە گەر بە حەرفی کوردی هەر یاری دەکا (کوردی، دیوان، ب1، ل61)**

**مەڵێن "هیجری" لە زێدا کوردییە، بیللا لە حەشریشا**

**بە کوردی " کوردی" دەعواچی حەقی کوردە و هەر ئەیسێنێ (کوردی، دیوان، ب2، ل251)**

ئەم بەرگری کردنە لە زمانی کوردی و ئاماژە کردن بە نووسینی دەقی شیعری بەزمانی دایك، لە لای مەحویشدا دەبینین، هەروەك دەڵێت:.

**کوردی زوبانی ئەصڵَمَەگەر تەرکی کەم بەکول**

**بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا**

**دوری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانەجۆ**

**هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە (بولوەفا) (مەحوی، دیوان، ل11)**

مەحوی لەم شیعرەدا ئاماژە بەزمانی کوردی دەکات وەك زمانی دایك، کە نوسینی دەقی شیعری بەزمانی فارسی و وازهێنانی لە زمانە ئەسڵەکە، کە زمانی دایکە بەخوویەکی ناشایستە لەقەڵەم ئەدات، بۆیە زمانی کوردی بەهەمان شێوەی بیرکردنەوەی نالی لای مەحویش زمانێکی شایستە و گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری، ئەمەش بۆ چەمکی دەق و ناسنامە و پێوەرکانی دەق گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە تێڕوانینی تیۆری ئەدەبی لەچوارچێوەی ئەو زمانەوەیە، کە دەقە شیعرییەکەی لەسەر بینا کراوە. ئەم ئاماژەکردنە بە زمان و زمانی نەتەوە لای حاجی قادری کۆیی زۆر بەهێز و بە تینتر دەردەکەوێت، هەروەك دەڵێت:

**شەبیهی جۆڵە کە ڕازی نەبێ، بە سەردری خۆی**

**مەڵێن فەصاحەتیکوردی بە فارسی ناگا (حاجی، دیوان، ل37)**

**مەفهومی دوو حەدیسی صهحیحم لە بەیتەکا**

**جێ کردەوە نەزەر بکە کوردی و فەصاحەتی (حاجی، دیوان، ل57)**

**ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی**

**موحەققەق داکی حیزە بابی زانی (حاجی، دیوان، ل58)**

بۆ هەمان مەبەست حەمدی بۆچوونی خۆی لە دێرێکدا بەیان دەکات و دەڵێت:.

**گوڵ لەبەرگی سەوزی خویدا ناسك و شیرینترە**

**بۆیە فیکری نازکی حەمدی بە کوردی بێژرا (حەمدی، دیوان، ل230)**

مەسەلەی زمان و زمانی دایك و بەکارهێنانی لە بوارە جیاجیاکانی وەك قسەکردن و نووسینی دەقی شیعری جەختی لەسەر کراوەتەوە، چونکە (حاجی قادر بە لێکۆڵینەوە ئەوەی بۆ ڕوون بووتەوە، کە بناغەی قەڵای کەسایەتی نەتەوە زمانە، وە هەموو دەسکەوتەکانی بەرهەمی نەتەوە بە زمان دەپارێزرێ) (علی قادر،2012، ل265). هەرچەندە زمان لای حاجی پەیوەستە بە سۆزی شاعیر بۆ نەتەوە و لە چوارچێوەی خۆشەویستی نیشتیمانەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام لێکەتەی ئەمە بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییە بە زمانی نەتەوە.

ئەم مەرج و پێوەرانەی، کە "دیبوگراند" بۆ دەقییەتی دەق خستییەڕوو، کە بریتین لە: "بەیەکەوەنوسان، گونجان، مەبەستییەتی، پەسەندی، هەڵوێست، دەقئاوێزان، ڕاگەیاندن " دواتر بوون بە بنەما و پێوەری گشتی بۆ چەمکی دەقێتی لە بازنە گشتییەکەیدا، هەریەکە لەم پێوەرانەش لە چەندین لق و پێوەری بچوکتر و تەوەری تر پێك دێن.ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم پێوەرانە دەقی شیعری کرمانجی خواروو بکێشین و بە دوای ئەو مەرج و بنەمایانەدا بگەڕێن لە دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیەدا، ئەوا بەهۆی بوونی ئەم مەرج و پێوەرانە ناسنامەی دەقێتی شیعری کرمانجی خوارووومان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە هەر یەکە لە پێوەرەکانی "توندوتۆڵی و گونجان" کە پەیوەستن بە خودی دەقەوە لە شیعرەکاندا بەرجەستەیە، نەك هەر بەرجەستەیە بەڵکو ئەم پێوەرانە بنیات و هۆکاری بەرجەستەکردنی ئەم شیعرانەن، بنەمای "توندوتۆڵی یان بەیەکەوەنوسان" لە دەقی شیعری کرمانجی خوارووودا لەم دۆخانەدا دەردەکەون شێوازی خستنەڕووی دەقی شیعرەکە لەڕووی فۆڕم و جۆری ناسنامە ئەدەبییەکەی، کە دەقی شیعری خۆی جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراوە بەو پێیەش ئەم ژانرەش لەم قوتابخانەیەدا لە چەند جۆر و قاڵبی دەربڕینی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوە، هەر لە جۆرەکانی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە بگرە وەك شیعری "لیریکی و داستانی و شانۆیی و فێرکردن" تا جۆرەکانی شیعر بەپێی فۆڕم و قالبەکانی دەربڕین وەك "غەزەل و قەسیدە و چوارین و مولەمەع و پێنج خشتەکی و موستەزاد ..تاد" بە تێبینی کردن لە ڕوخسارو ناوەرۆکی شێوازی دەربڕینی هەر دەقێك لە شیعری کرمانجی خوارووودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەقە شیعرییەکە خاوەنی جۆر و ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیەتی، بوونی ئەم ناسنامەیەش پێوەرە بۆ دەقێتی، هەروەها دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووودا بنەمای خستنەڕووی چارەسەری کێشە و بابەتێکی دیاریکراوی تێدایە، بەجۆرێك شاعیر لە ڕێگەی پرۆسەی شیعرنووسینەوە کۆد و دانەکانی زمان بەکار دێنێت لە پێناو خستنەڕووی واتا و چارەسەری بابەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری، هەروەك ڤاندایك دەڵێت: (کۆمەڵە ڕستەیەك، گەر لە بابەتێك نەدوێ زەحمەتە پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیدا ببێ و بەم جۆرە نابێتە دەق) (الصبیحي، ل80). واتە پەیوەندی واتایی لە نێوان یەکە دەربڕاوەکانی زمان پتەوی و دەقێتی بە دەربڕین دەبەخشت، دەبێت لە هەر دەقێکدا ئەم بنەمایە خوێنەر بەرەو چەقی بابەتێك بەرێت، ئەگەر سەیری دەقێکی شیعری لە کرمانجی خوارووودا بکەین دەبینین، ئەم شیعرە واتایەکی هەڵگرتووە، بۆنموونە بابەتێکی وەك خۆشەویستی لە ڕێگەی وشە و ڕستەکانەوە نیشانی خوێنەری دەدات و هەستی خوێنەریش بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات. هەر لە چوارچێوەی پێوەری پتەوی دەق جەخت لەسەر چۆنییەتی خستنەڕووی دەق لە ڕووی بەش و پێکهاتەوە دەکرێت، کە چۆن مەبەست و واتا پلە بەپلە بەسەر بەشەکانی دەقدا دابەش دەبێت، لە دەقی شیعری کرمانجی خوارووودا دابەشبوونی واتا و مەبەستی شاعیر دەبینین، کە بەسەر لەتە دێر و دێری شیعرەکانەوە دابەشکراوە، بەجۆرێك، کە لە لەتە دێڕێکەوە دەست پێ دەکات بۆ نیوە دێر و بۆ دێڕی تەواو تا دوایی دەگاتە بەش و دێڕی کۆتایی، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دێڕی کۆتایی، کە ناسناوی شاعیری تێدایە بەزۆری ڕۆڵی کۆتایی پێ هاتنی واتا دەبینێت لە کۆی دەقە شیعرەکەدا.

**خەڵقی کە هەمو کودەکن و بەستە زوبانن،**

**با بێن و لە "نالی" ببیەن شیعری سەلیقی        (نالی، دیوان، ل657)**

**لەچنگ غەم صهیدە "سالم" وەك کەبووتەر**

**لــــەدڵیا میـــــخلەبی شـــــاهینە بێ تۆ        (سالم، دیوان، ب2، 2015، ل728)**

**دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق**

**"مەحویا" دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا        (مەحوی، دیوان، ل19)**

هەروەك لەم دێڕانەی سەرەوەدا دەبینین، بەشێوەیەکی گشتی لەدەقی شیعری کلاسیکی کوردیدا، ناسناوی شاعیر بۆ دوا دێڕ هەڵگیراوە، کە ئەمە ڕۆڵی دوایی پێ هێنانی دەقەکەی بینیوە، کە خۆی لەخۆیدا ئەمە خستنەڕووی واتا و

مەبەستی شاعیر دەسەلمێنێت لە دێڕ و خاڵێکی دەقەکەدا، کە خاڵی سەرەتای دەقە، بەمەش هەر دەبێت لە دێڕو خاڵێکی تری دەقیشدا بە کۆتا بێت. بەم جۆرە دەقی شیعری کوردی تایبەتمەندی دەستپێك و کۆتایی دەقی لەخۆ گرتووە، لەگەڵ دابەشبوونی مەبەست و واتا بەسەر تۆپۆگرافیای دەقەکەدا، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە، کە مەبەستمان لە واتای دەق بریتیی نییە لەو تێڕانینە تایبەتییەی گۆران بۆ شیعری کۆنی کوردی وەك سەربەخۆی بەیتەکان لە واتادا، کە گۆران لە وتارەکەی خۆیدا بەناوی (کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا) ئاماژەی پێ کردووە، بەڵکو بریتییە لەو گوتارەی شاعیر لە بەش و پێکهاتەی دەقێکدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە بەرجەستەی دەکات، مەبەست و بابەتە عەقڵی و دەروونییەکانی شاعیر لە ڕێگەی وشەیەك یان دێڕیك دەست پێ دەکات و لە شوێنێکیش هەر دەبێ کۆتایی پێ بێت لەگەڵ کوتایی هاتنی دەقەکەدا گوتارەکەش خۆی بەیان دەکات، گوتار و مەبەستەکە بەسەر هەموو توخم و دانەیەکی زمانی دابەش دەبێت.

پێوەری گونجانیش، کە پەیوەست بە جەمسەری دەقەوە لە شیعری کرمانجی خوارووداا لە بنیاتی زمانی و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە زمان و سیستەمی ڕێزمانی و ئامرازەکانی پەیوەندی دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەپێوەری گونجان و گونجانی دەقی شیعری لەم قوتابخانەیەدا خۆی دەبینێتـەوە لە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی زمان و پەیوەندی وشە و ڕستە و بەش و پارچەکانی دەق بە یەکترییەوە، ئەم پەیوەندییەش پتەوی بنیاتی دەقی شیعری دروستکردووە، ئەم گونجان و پەیوەندییەش دروست دەبێت لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی و ئامرازەکانی لکاندنی پارچەکانی دەق و ئامرازەکانی گواستنەوە و جیگۆڕکێ و کورتکردنەوە و ئابووری کردن و ئامرازەکانی گەیاندنی بەش و پارچەکانی دەق، ئەم تەوەرانەی پێوەری گونجانی دەق سەرەڕای ئەوەی بنیاتێکی زمانی دەگرێتەوە، پەیوەندیشیان بە ناوەڕۆك و بابەتەکانی ناو ڕوانبێژییەوە هەیە، چونکە هەموو ئەم تەوەرانە لە ناو دەقی شیعری کرمانجی خوارووداا ملکەچ دەبن بۆ بەرگی ئەدەبییەت و خستنەڕوویەکی ئیستێتیکی و بەلای شیعرییەت و وێنەی هونەری و ڕەوانبێژیدا دەشکێنەوە.



بە پێی پێوەرەکانی بەیەکەوە نوسان و گونجان، کە پەیوەندی ئاسۆیی زمان دەگرێتەوە، شیعری کرمانجی خوارور ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی لێرەدا بنیاتی دەقی شیعرەکان لە ڕیگەی یاسا فەرهەنگی و سیستەمی ڕێزمانی و وشەسازییەوە دروستبووە، هەروەها دەق پابەندە بە بنەما واتاییەکانی وەك بوونی جۆرێتی دەق و بابەتیبوونی دەق و خستنەڕووی واتا و کۆتایی پێهێنانی واتا، لە فۆڕمێکی هونەری و ئیستاتیکیدا.

پێوەرەکانی مەبەست و پەسەندێتی دوو پێوەری دەرەکی دەقن و لە جەمسەری دەق دووردەکەونەوە، دوور لە ناوەوەی دەق بنەما بۆ دەقێتی بەرهەم دێنن، مەبەست لە پێوەری مەبەستێتی ئەو بابەت و مەبەست و پەیامەیە، کە شاعیر لە ڕێگەی سیستەمێکی زمانی و فۆڕمێکی دیارکراوەوە دەیەوێت دەربڕێت، واتە ئەو ناوەڕۆك و بابەتەی، کە دەقی شیعرێك لەخۆی دەگرێت بریتییە لە گوتار و پەیامی شاعیرێك، کە خۆی لە مەبەستی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە، کە دەشێت شاعیر ئاگاییانە یان بێ ئاگاییانە لە دەقە شیعرییەکەیدا مەبەستێکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و ئایینی هەبێت، ئەم پێوەرە لە دەقی شیعری کرمانجی خوارووداا، لە بابەتی دەق و ناوەڕۆکی دەقی شیعریدا خۆی بەرجەستە دەکات، بابەتی دەق یەکەی لەخۆ گرتنی مەبەستی شاعیرە، کە بریتییە لە پەیام و نیازی عەقڵی و دەروونی بەجۆرێك دوای ئەوەی شاعیر مەبەستێکی دیاریکراو لە چەند بیر و بیرۆکەیەك باردەکات و ئەمەش لە بابەتێك و فۆڕمێك بەرجەستە دەکات لە ڕێگەی زمانەوە، بۆیە مەبەست حوکم بەسەر جۆر و شێوازی دەقدا دەکات، واتە (بابەت هۆیەکی سەرەکییە، کە جۆری شێواز دەخاتەڕوو، لێرەدا بابەت ئەو چوارچێوە و هونەرەیە، کە شاعیر و نووسەر بەکاری دێنن بۆ وێنا کردن و گوزارشتکردن لەو بیرۆکە و مەبەستانەی، کە لە دەروونیدا بوونیان هەیە) (شایب، 1966، ص54). ڕوانینە تیۆری و ڕەخنەییەکان بۆ دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووداا، بۆ دوو دیوەکەی دەقە، کە بریتییە لە ڕوخساری دەق و ناوەڕۆکی دەق، بابەتی دەق پەیوەستە بە ناوەڕۆکی دەقەوە، کە مەبەستی شاعیری لەخۆ گرتووە، بۆیە مەبەست وەك پێوەری دەقێتی(کاریگەری لەسەر بنیاتی دەق و شێوازەکەی هەیە، چونکە نووسەر بە شێوەیەکی دیار دەقەکەی بنیات دەنێ و ئەو شێوازە گونجاوە زمانییە هەڵدەبژێرێ، کە مەبەستەکەی بێنێتەجێ)(الصبیحی، ل94).مەبەستی شاعیر هەروەك بابەتی دەق دیاری دەکات بەهەمان شێوە بڕیار لەسەر جۆرێتی شێواز دەدات و گۆڕان لە بنیاتی دەق دروست دەکات، ئەمەش بوونی پێوەری مەبەستە لە دەقی شیعری کرمانجی خوارووداا، لەبەر ئەوەی مەبەستی شاعیر وەك مەرج و پێوەرێك دەبێت ئەو تین و بنەمایەی هەبێت، کە خۆی لە بابەتی دەقەکەدا بتوێنێتەوە و کاریش لە شێواز و بنیاتی دەق بکات، کۆی پرۆسەی دەقی شیعری لە کرمانجی

خوارووددا، لێکەوتەی مەبەستە جۆربەجۆرەکانی شاعیری کوردە، بۆیە شاعیر لەم قوتابخانەیەدا بۆ ئەو بابەتەی، کە مەبەستەکەی تێدا بەیان دەکات زمان و شێواز و قالبی شیعر و وشە و زاراوە و هونەری تری پەیوەست بە توێکڵی دەق هەڵدەبژێرێت و دواتر هەڵبژاردنی هەموو ئەمانە لەگەڵ بابەتەکە جۆری دەقی شیعری و ئاست و شێوازەکەی دیاری دەکەن.

بابەت و مەبەستی شاعیر لە دەقی شیعری کرمانجی خوارووددا، ناسنامە و فۆڕم بە دەق دەبەخشێت و زۆرجار بڕیار لەسەر جۆرێتی ژانرەکەش ئەدات، هەروەها (هۆکار و بناغەی لێك جیاکردنەوەی جۆری دەقەکانە لە یەکتری وەك دەقی شیعر و پەخشان، ئەم مەبەستە شیعرییانەی، کە لە دڵ و دەروون و ویژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ سۆزێکی خەستی تێدا ئەبینرێ و لە چوارچێوەی باسەکانی "خۆشەویستی، ڕق، ترس و باوەڕ، چاکە و خراپە" دەسوڕێتەوە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ هەر لە ئەنجامی ئەم گۆڕانە بابەتی شیعری تر هاتەکایەوە) (رسول،ل27 - 28).لە شیعری کوردیدا مەبەستێکی تایبەتی و دیاری کراوی وەك دڵداری، کە پەیوەستە بە سایکۆلۆجیای کەسێتی شاعیرەوە، لە قالبێکی شیعری وەك غەزەل یان یان پارچە شیعرێکی لیریکی چەند کۆپلەیی خۆی بەیان دەکات، بۆنموونە ئەگەر سەیری غەزەلێکی وەك ئەمەی خوارەوە بکەین، کە مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:

**چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕووحی شیرینم نەهات**

**زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات**

تادەگاتە......

**کەوتمە ناو نەزع و غەم خستمیە حاڵی غەر غەرە**

**(کوردی)بێ کەس خۆم لە هیچ لایێ سەدای شینم نەهات (کوردی، دیوان، ب1، ل115)**

ئەم دەقە بابەتێکی دڵداری و ئەوینی لەخۆی گرتووە و شاعیر پەیام و مەبەستێکی دەروونی هەیە، دەیەوێت گوزارشت لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی تایبەت بەخۆی بکات، سروشتی ئەم مەبەستەش زمانی دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە و قالب و هونەرەکانی دەربڕین و ڕیتم و وشە و زاراوەکانی گرێدراون بە سۆز و هەستی ئیستاتیکاییەوە، بەمەش بنیاتی دەق دەکەوێتە ژێر باری مەبەستی شاعیر، بەڵام بۆ ڕووداو و بابەتی زۆرتر و فراوانتر هەروەها بۆ فرە مەبەستی و نیازی جۆراوجۆر، شاعیر فۆرم و قالبی تری ئەدەبی و شیعری وەك قەسیدەیەك یان داستان بەکاردێنێت بۆ گوزارشتکردن لەو مەبەستە جۆربەجۆرانەی، کە لەلای گەڵاڵە بووە، بۆ نموونە ئەحمەدی خانی بۆ مەبەست و نیازی (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، دەروونی) فۆڕمی داستان بەکاردێنێت لە داستانی "مەم و زین"دا، خانی چەندین گوتار و مەبەستی لەپاڵ ئەم داستانەدا دەربڕیوە، بۆیە دەبینین شاعیر لە کرمانجی خوارووددا بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و (فیکری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، بابەتی تر) پەنا بۆ فۆڕمی قەسیدە دەبات بەوەی مەیدانی ئەم فۆڕمە فراوانە ڕووبەرێکی زۆرتر بۆ شاعیر دەستەبەردەکات تا مەبەستی خۆی تێدا بەیان بکات، بۆ نموونە لەم قەسیدەیەدا کە نالی دەڵێت:

**ئـــەی ساکینی ڕەیاضی مـــەدینەی مونەووەرە**

**لـــوطفێ بکە، بفەرمـــو: مـــەدینەی منەو، وەرە**

تا دەگاتە ........

**ڕۆژی جەزا ڕەجا بکە بۆ "نالی"ی دەربەدەر**

**چۆن لەم جیهانە گوناهی گەلێ زۆر و ئەکثەرة (نالی، دیوان، ل415)**

لەم فۆڕمەدا، کە قەسیدەیە لەبەر ئەوەی لە ڕووی چەندییەوە گۆڕان بەسەر ژمارەی دێڕەکاندا هاتووە، بۆیە لەدەقەکەدا شاعیر چەندین نیاز و مەبەستی خۆی دەردەبڕێت و دەقەکە سۆزێکی قووڵی ئاینی تێدایە هەموو بابەتەکانی وەك "وەسف و ستایش و شانازی و ئامۆژگاری و ئاینی ...تاد" لەخۆی دەگرێت و دەقێکە زانیارییەکی زۆری تێدا بەرجەستە کراوە. بۆیە شاعیر وا دەبینێت کە زۆری سۆز و فراوانی واتاو مەبەستەکانی لە غەزەلێکدا دانانیشێت و پەنا بۆ فۆڕمی قەسیدە دەبات. یان زۆرجار دەبینین کاتێك شاعیرێك پەیامێکی زانستی هەیە و دەیەوێت زانستێك

بگوازێتەوە، کە مەبەستی سەرەکی فێرکردنە، ئەمە دەچێتە چوارچێوەی شیعری فێرکردن بەهۆی ئەم مەبەستە گۆڕان بەسەر دەق و ڕەگەزەکانی ناو دەقە شیعرییەکەدا دێت، شاعیر لەم جۆرەدا بۆ گوزارشتکردن لەم مەبەستە زانستییە، لە ڕەگەز و بنەمای سۆز دووردەکەوێتەوە. بۆنموونە ئەحمەدییەکەی شێخ مارف و شیعرەکانی پیرەمێرد و گۆران و شاعیرانی تر، کە بۆ مەبەستی فێرکردنی بابەتێکی زانستی نوسراون.

پەسەندێتی وەك پێوەرێکی تری دەق، لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا تێبینی دەکرێت، چونکە دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە ئەو خاسیەتەی تێدایە، کە کار لە هەڵوێستی وەرگر و خوێنەر بکات، واتا ئەو دەق و بەرهەمەی کەوا لە لایەن شاعیرێکەوە خراوەتەڕوو، جێگای قبووڵ و ددان پێدانان و تێڕامانی وەرگرە، وەك وروووژێنەرێك دەبێتە هۆی وروووژاندنی خوێنەرو وەرگر، ئەمەش بوونی پێوەری پەسەندێتییە، ڕێژەی کاریگەربوون و ئاوێتە بوونی وەرگریش لە دەقەکەدا لەسەر دوو بنەمای سوود و چێژی دەق چڕدەبێتەوە، پەسەندێتی واتە ئاوێتەبوونی وەرگر لەگەڵ دەقی شیعری بەهۆی یەکێك لەم دوو بنەمایە یان هەردووبنەما، بێ گومان دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا دنیابینی شاعیری لە خۆ گرتووە و هەرچەندە ئەگەر دەقەکە دەقێکی خودی و لیریکیش بێت، ئەوا هەر بارگاوییە بە مەعریفە و ڕۆشنبیری شاعیرەوە و تابلۆی بەخشینی زانیاری جۆراوجۆرە، لەم ئاراستەیەدا دەقی شیعری کرمانجی خواروو سوودی کلتوری و فەرهەنگی و بەخشینی زانیاری هەیە بەپێی بارگاوی بوونی دەق بە بیرکردنەوە و خەیاڵ و زانیاری و ژینگەی شاعیر، دۆخێکی ئەدەبی و دنیابینی و ڕۆشنبیرییەك بە وەرگر دەبەخشێت. ئەم سوود بەخشینە بنەمایەکە بۆ پەسەندێتی دەق. دواتر دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، بەهۆی بوونی ئیستاتیکای دەق و بنیاتی هونەری و ڕەهەندەکانی تری پەیوەست بە شیعر و هەستی ئیستاتیکی وەرگر، چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی تر بۆ وەرگر تا قبوڵی دەق بکات، لەسەر بنەمای پێوەری پەسەندێتی دەقی شیعری کرمانجی خواروو ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، هەرچەندە ئەمە پەیوەستە بە جەمسەری وەرگری دەقەوە لەسەر بنەمای سوود و چێژ ئیستیجابەی بۆ دەقێتی دەق دەبێت.ئەگەر سەیری دەقی شیعری کوردی بکەین لە ژێر خویندنەوەی هەر یەکە لە پێوەرەکانی "ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان"دا، ئەو مەرج و پێوەرانەی دەق لە شیعری ئەم قوتابخانەیەدا بە ئاشکرا دەبینرێن، بۆنموونە پێوەری ڕاگەیاندن، کە پەیوەستە بە ڕێژەی ئەو زانیاریانەی دەقێکی دیاریکراو بە وەرگری دەدات، لەگەڵ چۆنییەتی بەرجەستەبوونی زانیاری لە دەقی شیعریدا، دەقی شیعری کوردی، هەڵگری ڕێژەیەکی زۆرە لە زانیاری و پەیامی جیاجیای شاعیری لە خۆ گرتووە، لەو سەردەمەدا شاعیر خاوەن گوتار و ئاستێکی بەرزی زانستی و ڕۆشنبیری بووە، واتە (شاعیرانی ئەم ڕۆژگارە لەبەر ئەوەی خوێندەواری باشیان هەبووە لە زانستەکانی ئەو سەردەمە و زۆر چاك لە شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی "عەرەبی، فارسی، تورکی، عوسمانی" گەیشتوون، هەر لەسەر ڕیگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەو دەسگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند) (خەزنەدار، ب2010،3، ل54). بەهۆی ئەوەی شیعر پێش پەخشان کەوتووە، بۆیە دەقی شیعری، ئەرکی دەبڕینی مەعریفە و مەبەستی جۆراوجۆری شاعیری بینیوە، گوزارشت لە بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی شاعیر و ژینگە و ڕووداوەکانی سەردەمی شاعیر دەکات و هەروەها ئەرکی جۆراوجۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی بینیوە لەو سەردەمەدا، هەر ئەمەشە، کەوا پێوەری "هەڵویست" جەختی لەسەر دەکاتەوە.

بابەتی وەرگرتن و کارتێکردن و توانەوەی دەقەکانی تر لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە، ئەمە زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێت لە شیعری کوردی و لە ئەدەبیاتی شیعری کرمانجی خواروودا، بەهۆکاری ئەوەی، کە کوردستان مەحکوم بووە بە دابەشکردن و هەژموونی دەستەڵاتی وڵاتانی دراوسێ بەسەرییەوە، وای کردووە زمان و کلتوور و ئەدەبیاتی ئەم وڵاتانە بێتە ناوەوە و کار لە شاعیرەکان بکات، ئەمە لەلایەك، وەرگرتنی ئاینی ئیسلامیش لە لایەکی تر، کە وای کردووە خوێندن بکەوێتە حوجرەی مزگەوتەکان و زانستە شەرعی و بابەتەکان بەزمانی عەرەبی بخوێنن، بەمەش شاعیری کورد شارەزایەکی زۆری لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی دەست خستووە، واتە(خوێندەواری کورد تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕۆشنبیرییەکەیان عەرەبی ئیسلامی بووە و کتێبەکانی زانستی ئەو سەردەمە بەزمانی عەرەبی بوون،... ئەدەبیاتی فارسی بە پلەی یەکەم کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە و بە پلەی دووەم زمان و ئەدەبی عەرەبی دێت، شاعیرانی ئەو سەردەمە هەموویان مەلا بوون و عەرەبییەکی چاکیان زانیوە، توانیویانە بەو ڕۆشنبیرییە عەربییە ئەدەبی کوردی پێ موتوربە بکەن، زاراوە هەمەجۆرەکانی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ئەدەبیاتی کوردی بەکاربهێنن)(شوان، 2014،

ل185 - 186). ئەمەش ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری لە کۆگای عەقڵی شیعری شاعیری کورد کردووە، وای کردووە مادە و توخمی شیعری و قالبی شیعر و مەبەست و دەلالەت و وێنەی شیعری ئاوێتەی دەقی شیعرەکانیان بێت، واتە دەقی دەرەکی و ڕەهەندەکانی لە دەقی شاعیرەکاندا بتوێتەوە. ئەم توانەوەی دەق لە ناو دەقە، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە، وەنەبێت سیفەتێکی نەرێنی بێت بۆ دەق، بەڵکو حاڵەتێکی پۆزەتیڤە بۆ دەق و لەگەڵ سروشتی دەق دەگونجێت و پێوەرێکیشە بۆ دەقێتی.بەڵام کە لە سنووری دەقئاوێزان و کاریگەری ئەدەبی دەرچوو بەهۆی لاساییکردنەوەیەکی ڕووتی بابەت و بیرو وێنەی هونەری و زاڵکردنی ئەزموونی شاعیرێکی تر بەسەر ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیدا، بەمە دەقی بەرهەمهاتوو لەژێر ئەم بارەدا هەر لە بناغەڕا بەها و ناسنامە دەقێتی بەو ئاراستەیە دەخاتەڕوو، چونکە لەبری ئەوەی دەقی کۆن لە ئەزموون و دەقی خۆیدا بتوێنێتەوە، ئەوا دەقی خۆی لە دەقێکی کۆندا دەتوێنێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری دەقی شیعری کوردی بکەین بەپێی ئەم بنەمایە، ئەوا لە زۆر قۆناغ و لای زۆر شاعیر ئەم دۆخەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بریتییە لە توانەوەی دەق و ئەزموونی شاعیری کورد لە فۆڕم و بیر و وێنەی هونەری دەقێکی بیانی یان ئەزموونێکی شاعیری بیانی، ئەم لادان لە دەقئاوێزانەش پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە، وەك زاڵبوونی کلتور و ئەزموونی ئەدەبی بیانی بە ڕێژەیەکی فراوان بەسەر ئەدەبی کوردییەوە، بۆیە دەقی شیعری کوردی لە زۆر حاڵەتدا و لای زۆر شاعیری کورد سنوری دەقئاویزان دەبەزێنێت و ناسنامەی دەقێکی سەربەخۆی پەیوەست بە بارودۆخی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی شاعیر وەرناگرێت.تیۆری ئەدەبی لەو بارودۆخەی دەق قووڵدەبێتەوە، ڕێژەی پەیوەست بوونی دەق بە ژینگە و سەردەم و ئەزموونی شاعیر لە چ ئاستێکدایە، لەم ڕوانگەیەوە ناسنامەی دەق بە بەرهەمێکی شیعری دەبەخشێت، یانیش بە پێچەوانەوە بەهۆی توانەوەی کەسێتی شاعیر لە وێنە و بیرو ئەزموونی شاعیرێکی تر، ونبوون و بێ شێوازی بەرهەم دروست دەبێت و بەمەش ئەم بەرهەمە لە پێوەری دەقێتی دوور دەکەوێتەوە.ئەمانە پێوەری گشتین بۆ ئەوەی بەرهەمێك ناسنامەی دەقبوون وەربگرێت، کە لە لایەن زۆر زانا و ڕەخنەگر و تیۆرستانی بواری ئەدەب جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەها سەرەڕای ئەوانە زۆر مەرج و پێوەری تریش بۆ چەمکی دەق و دەقبوون، لە لایەن ڕەخنەگران و تیۆریستانی ئەدەبییەوە پێشکەش کراوە، هەموو ئەوانە چەند خاسییەت و پێوەرێکی گشتین بۆ فۆڕم و وجودی دەقێتی چونکە ناکرێت هەموو ئەم پێوەرانە بەسەر یەك جۆرە دەقدا فەرز بکرێن، هەموو جۆرە دەقێك ملکەچ ناکات بۆ هەموو پێوەر و ڕەگەز و مەرجێکی دیاری کراوەوە بۆ ئەوەی بەهای دەقێتی خۆی بسەلمێنێت. بەپێی ئەم پێوەرانەی سەرەوە، کە لە بنەما گشتییەکانی دەق دەڕوانێت شیعری کرمانجی خواروو مولزەمە بە پێوەرەکان و ناسنامەی دەقبوون وەردەگرێت. تیۆری ئەدەبی ئەمە لە قووڵبوونەوە لە دەقەکانی شیعری کرمانجی خواروودا بەدەست دێنێت، واتە لە هەناوی لەبەرهەمی داهێنراودا نەك دەستووری تیۆری، چونکە خۆی شاعیرانی کرمانجی خواروو لەسەر ئەم پێوەرە گشتیانەی دەق شیعریان نەنووسیوە، واتە وەکو نەخشەیەکی ئەندازەی ئەم پێوەرانەیان لە لا نەبووە تا بینای دەقی شیعری لەسەر بکەن بەڵکو ئەم پێوەرانە لە حزووری دەقەکانەوە وەرگیراون.

شیعری کرمانجی خواروو لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە تایبەتییەکانی دەقێتی

تێڕوانینی تیۆری ئەدەبی بۆ جۆرێکی دیاریکراوی دەق، وەکو دەقی شیعری تێڕوانینێکی دیاریکراو و تایبەتە، لەسنوری تایبەتمەندییە هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی و خاسییەتەکانی دەقی شیعری دەوەستێت، تێبینییە تیۆری و پێوەرە تایبەتییەکانی لەو چوارچێوە دیاریکراوەدا پێشکەش دەکات. تیۆری ئەدەبی لێرەدا بەدوو ئاراستە تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو، تێڕوانینی یەکەم لەسەر خودی دەقی شیعرییە، واتە جۆر و فۆڕمێکی دیارکراوی ناو ئەدەب، بەوەی کە دەقی شیعری بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو حاڵەتێکدا مەرج و پێوەری شیعرییانەی خۆی هەیە، ئەم مەرج و پێوەرانەش ناسنامەی شیعربوون بە دەقێك دەبەخشن. بۆ نموونە دەقی شیعری بە خاسییەتە گشتییەکانی، لە دەقێکی تری وەك پەخشان جیادەکرێتەوە، کە خۆی لە هونەرە شیعرییەکانی وەك (زمانی شیعری یان شیعرییەت، قالب، کێش و سەروا، وێنەی شیعری، لادان، ئیستاتیکا، هونەرەکانی تری بنیادی شیعری...تاد) دەبینێتەوە. تێڕوانینی دووەمیش تایبەتە بە خاسیەت و پێوەرەکانی تایبەت بە شیعری قوتابخانەی کرمانجی خواروو، کە بەپێی شوێن و سەردەم و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر داهاتووە، لێرەدا جۆرێتی و چۆنێتی و چەندێتی دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە دەخاتەڕوو، هەروەها قوتابخانەی کرمانجی خواروو چ جۆرە جیاکاری و تایبەتمەندی و خاسیەتێکی بەدەقی شیعری بەخشیوە؟ چ ناسنامەیەك بۆ دەق پێشکەش دەکات؟

سەبارەت بە دەقی شیعری، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە پێناسە و ناسنامە و پێوەرو خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە، دەقی شیعری هەموو ئەم پێوەر و مەرج و خاسیەتانە بەسەر بەرهەمێکدا فەرز دەکات، بۆ ئەوەی وەکو دەقێکی شیعری قبوڵی بکات و بیخاتە ناو بازنەی شیعر بوونەوە. جا ئەو پێوەر و خاسیەتانە بەشێوەیەکی گشتی لەدوو ڕەهەندی سەرەکییدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتین لە ناوەرۆك و ڕوخساری شیعری. هەریەکە لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی، بەرهەمە ئەدەبییەکان بە میزانی ئەم دوو ڕەهەندە قەپان دەکەن و مۆری شیعربوونی لێ ئەدەن. ئەم دوو ڕەهەندەش سیفەتی جێگریان نییە و بەپێی سەردەم و ژینگە و بارودۆخەکان تازە بوونەوە و گۆڕانیان بەسەردا دێت.دیارە ناوەرۆك و ڕوخساری دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووا، بە درێژایی مێژووی ئەم قوتابخانەیە، گۆڕانی جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانانەش بۆ سەردەم و شوێن و باردۆخی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی کەسایەتی شاعیر دەگەڕێتەوە. هەروەها هۆکارە دەرەکییەکانی وەك ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێیەکانیش کاری لەم گۆڕانکاریانەدا کردووە، واتە پەیوەستە بە بارودۆخی ژینگەیی کەسەکان و ناوچەکە و دەرووبەری لە هەموو ڕوویێکەوە، هەروەکو عەزیز گەردی دەڵێت: “گۆڕانی ژیان بەرهەمی نوێ دەخولقێنێ، هەر بەرهەمی نوێشە ڕوخسار بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە”(گەردی، 1974، ل106). ڕوخسارو ناوەرۆك پەیوەندیەکی دانەبڕاویان بەسەر یەکترەوە هەیە، ناوەرۆك و جۆری بابەت پێویستی بە فۆڕمێکی دیاریکراوە بۆ خۆ بەیان کردن، بەمەش ڕوخساری دەق بەستراتەوە بەهەڵومەرج و ناوەرۆکی دەقەوە، لەبەر ئەوە “جگە لە ناوەرۆك خۆیەوە هیچ لایەنێکی تر ماف و دەستەڵاتی ئەوەی نییە، کە داوای جۆرە شێوە و ڕوخسارێکی تایبەتی بکات”(گەردی، ل106). گۆڕانی ژیان بە شێوەیەکی گشتی و هۆکارە جیاجیاکان دەبێتە هۆی گۆڕانی بابەتەکانی ڕۆژ و ناوەرۆکی نوێ بۆ دەقی شیعری پێشکەش دەکەن، بەمەش گۆڕانی ڕوخساری دەقی شیعر دێتەکایەوە.لە سەرەتای ئەم قوتابخانەیە، کە زیاتر بە قوناغی کلاسیکی کوردی دەناسێنرێت، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری ناسنامە و تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. ئەم ڕوخساروو ناوەرۆکەش، لە سەرەتای سەدەی نوزدەهەمەوە دەست پێ دەکات تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نوێبوونەی شیعری کوردی لە لایەن (پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح، گۆران،....تاد)، کە بە شیعری نوێی کوردی ناودەبرێت، دەقی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی ئەم قوتابخانەیەدا، تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەقی شیعریان هەیە، لە بوونی "کێش و سەروا، جوانکاری هونەری ، ئیستاتیکا، چێژ،....تاد"، بە شێوەیەکی گشتی بنیاتی هونەری و پەیامداری. بەڵام لە جۆری کێش و سەروا و فۆڕم و زمانی شیعری و ێنەی شیعری و مەبەست و پەیامداریدا بە پێی قۆناغەکان جیاوازییان هەیە. بوونی ئەم جیاوازییانەشە، کە قۆناغی شیعری کلاسکی کوردی و شیعری نوێی کوردی دروست کردووە لە شیعری کرمانجی خوارووا. بۆ نموونە ڕوخسارو ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی جیاکاری خۆی هەیە، لێرەدا دەقی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە پەیام و مەبەستێکی دیاری کراو لەخۆی دەگرێت، کە خۆی لە بابەتێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی یان سیاسی دەبینێتەوە، زیاتریش ناوەرۆکی دەق لەم قۆناغەدا لە بابەتێکی دەروونی وەك خوشەویستی چڕبووەتەوە، “کاری شیعری ئەم سەردەمە دەبڕینی هەستی دڵدارییە، بیری فەلسەفی قووڵ و خەیاڵی ناسك ئاوازی ڕەوان شیعرەکە جوان دەکەن،... کەواتە بابەتی دڵداری و ئەویندارى بابەتی سەرەکی بوو”(سەعید، 2017، ل28). واتە لەم قۆناغەدا دەقی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە زیاتر هەستی تاکە کەسی و بابەتێکی ویژدانی بەیان کردووە، مەبەستی شاعیر نیشاندانی دۆخی دەروونی خۆیەتی بەهۆی خۆشەویستی یارەوە دووچاری بووە، بە شێوەیەك (شاعیران وا خۆیان نیشان ئەدەن لە یارەکەیان دوورن و هەرگیز دەستیان ناگاتە گەردەنیان. ئەم جۆرە شیعرە گەلێ زۆرترن لەو جۆرە شیعرانەی گەشبینی دەڕژێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستییە بەرچاو دەکەوێ، کە بە شێوەیەکی جوان باس لە نارێکی کۆمەڵ دەکەن و بیر لە نیشتیمان دەکەنەوە و ڕق بەرامبەر دوژمن نیشان ئەدەن)(خەزنەدار، ب3، ل58). بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە، کە ناوەرۆکی دەقی شیعری کلاسیك بابەتەکانی تری لە خۆی بار نەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆربەی بابەتەکانی تری وەك (شانازی، ئاینی و سۆفیگەری، ستایش، وەسف، دلێری و قارەمانێتی، خۆشەویستی نیشتیمان...تاد) تێدا دەبینرێت، بەڵام خستنەڕووی هەموو ئەم بابەتانە لە شێوەیەکی تایبەت و لە بەرگێکی زۆر مەجازی و نزیك لە ئەفسانەدایە. بە واتایەکی تر (بەها هونەرییەکانی سەردەمی دەرەبەگی سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سێ کوچکەی یارو میر و پیر بوو) (گۆران، 1961، ل5). هەموو باس و ناوەرۆکەکان بە دەووری ئەم سێ تەوەرەیدا دەخولانەوە، هەروەکو گۆران دەڵێت لە دەربڕینێکی میسالیدا خۆی بەرجەستە دەکرد. لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەم خاسیەتانە لەدەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە بەدی دەکرێن.

ڕوخساری دەقی شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خوارووادا، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ڕوخساری نەتەوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دراوسێدا دەوەستێت، بەشێوەیەکی تر (شاعیرانی ئەو ڕۆژگارە زۆر چاك لە شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی "عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی" گەیشتوون، وا بوو هەر لەسەر ڕێگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەو دەسگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند) (خەزنەدار، ب3، ل54). واتە خاسییەت و پێوەرەکانی ڕوخساری شیعری ئەم قوتابخانەیە لە دەقی شیعری دەرەکییەوە هاتوون. بەڵام دواتر جێگای خۆیان لە شیعری کوردیدا گرتووە، تا بوون بە بنەما و پێوەر لەم قوتابخانەیەدا بۆ نوسینی بەرهەمی شیعری تر، کە ئەمەش لەسەر دەستی شاعیرەکانەوە بووە. واتە (شاعیرە گەورەکانی وەك نالی و سالم و کوردی،... بە توانا و سەلیقەیەکی گەورەوە ڕەنگ و بۆ و بەرامێکی تایبەتیان بە بەرهەمە کلاسیکییەکانیان داوە، بلیمەتانە مامەڵەیان لەگەڵ وشە و زمان و وێنە شیعرییەکان کردووە) (حەمە کریم،1986، ل10). شاعیرەکانی سەر بەم قوتابخانەیە بنیاتی دەقیان لەسەر مەرج و پێوەرەکانی شیعری کلاسیکی ئیسلامی ڕۆژهەڵات دامەزراندووە، لەبەرگێکی کوردیدا، واتە دوای هاتن و وەرگرتنی تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی ڕوخساری دەق، شاعیرەکان بە پێی پێویست تایبەتمەندی تری پەیوەست بەسروشتی زمان و کلتوری کوردییان خستووەتە سەر تاڕادەی گونجانی تایبەمەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ سروشتی زمان بۆ نووسینی شیعری کوردی.ئەگەر لە ڕەهەندەکانی ڕوخساری دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە وردبینەوە، دەبینین تایبەتمەندییەکانی ڕوخساری شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خوارووادا، لەڕووی تۆپۆگرافیا و قاڵبی دەقەوە خۆی (لە" غەزەل، قەسیدە، چوارین، تاك، موستەزاد، ملمع، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند ....تاد" دەبینێتەوە، هەروەها لە ڕووی وێنەی شیعری و بەکارهێنانی هونەرە جۆربەجۆرەکانی ڕەوانبیژی و کێشی عەرووزی عەرەبی و یەکێتی سەروادا پەیڕەوی شیعری ڕۆژهەڵاتیان کردووە، لە ڕووی زمانیشەوە شاعیرەکان زمانێکی کوردی تێکەڵ لە وشە و زاراوەی "عەرەبی و فارسی و تورکی"یان بە کاردەهێنا)(حوسێن، 2007، ل59). پاشان لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی تا ڕادەی ڕیشەیی لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقی شیعری ڕوویدا، کە لە ڕەهەندێکی بنیاتی دەقەوە دەستی پێ کرد، تا هەموو بنیات و پێکهێنەکانی دەقی شیعری گرتەوە. بەهۆی ڕووداوەکانی جیهان و دروستبوونی شەپۆلی گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا لەگەڵ کۆمەڵێك هۆکاری تری ناوەخۆیی و دەرەکی، ڕوخسارو ناوەڕۆکی دەقی شیعری لەکرمانجی خوارووادا، کەوتە ژێر باری گۆڕانکارییە جیاجیاکان، بەمەش ناوەڕۆکی دەق لەم قۆناغەدا دەلالەتی کۆنی بەجێهێشت و گوزارشتی لە زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤ کرد. مەبەست و پەیامی نوێ هاتنە ناو دەقی شیعری ئەم سەردەمە.

لە ڕووی ڕوخساری شیعریشەوە بە شێوەیەکی گشتی بەرەو خۆماڵی بوون هەنگاوی هەڵهانی، ئەم هەنگاوەش کێش و سەروا و قاڵب و زمان و وێنەی شیعریشی گرتەوە. ئەمەش بەهۆی توانا و شارەزایی و دەست پێشخەری چەند شاعیرێکی وەکو " پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆڕان"ڕوویدا، بەجۆرێك (شێوازی شیعری شیخ نوری شیخ صالح لە سییەکان بەدواوە ڕسکاو دەرکەوتنی بەخۆوە بینی، پاشان گۆران بە یارا و هۆشمەندییە شۆڕشگێڕانەکەیەوە شێوەی کۆنی تێکشکاند و بە بیر و مەعریفەکەیەوە، کە ئاگای لە گۆڕانکارییەکانی شیعر و بارو ڕەوشی ئەو سەروبەندەی دنیا بوو، سەرلەنوێ دوور لە قاڵبە نەگۆڕەکانی کێشی عەرووز بونیادێکی هاوچەرخانەی بۆ سازاندووە)(نادر، ل108).بەپێی تیۆرەکەی "کارڵ مارکس" لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەك لە ژێرخانی کۆمەڵدا، ئەوا سەرخانی کۆمەڵیش گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، کاتێك نوێبوونەوە و گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، ئەوا ئەم نوێبوونەوە و گۆڕانە بەسەر ئەدەب و هونەریشدا دێت، بەم هۆیەشەوە دەقی شیعری خاسییەت و تایبەتمەندی نوێ وەردەگرێت، بنیادی دەقی شیعری گۆڕانی بەسەردا دێت، ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەك "بیر، خەیاڵ، سۆز، فۆڕم" بە ڕێژەی گۆڕا و بەشێوازێکی تر دەق بینا دەکەن و بە ڕێژە و و ئاستی جیاواز لە دەقێکدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، بەمەش تیۆری ئەدەبی بە تێڕوانینی خۆی بۆ خاسییەتە نوێیەکانی دەق، پێوەری نوێ بۆ دەقی شیعری ئەو سەردەمە دێنێتە بەرهەم. بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە لەدەقی شیعری کرمانجی خوارووادا، لەم قۆناغەدا بووە هۆی پێشکەش کردنی پێوەری نوێ بۆ دەقی شیعری نوێی کوردی.

**ئەنجامەکان**

1. دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، ئەو بنیاتە قوڵەی هەیە، کە لە پێوەری گشتییەکانی دەق ئاماژەی پێکراوە، کە خۆی لەچەندین تەوەری وەك: (زمان، پەیامداری، بابەت و مەبەستی شاعیر، بەیەکەوە نوسان و گونجان، ڕاگەیاندن، هەڵوێست، دەقئاوێزان، پەسەندێتی...تاد)، دەبینێتەوە، ئەم بنیاتە لە شیعری کرمانجی خوارووودا، بە پێی سروشتی ژینگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری و کلتوری جیاکاری و تایبەتمەندی وەردەگرێت و بریار لەسەر جۆرێتی ژانرەکەش دەدات.

2. دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، سەرەڕای کاریگەری ئەدەبیاتی ناوچەیی بەسەریەوە، خاوەنی بنیاتێکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو تایبەتمەندییەش لە زمانی دەربڕینەوە دەست پێ دەکات، چونکە زمانی کوری خاوەنی دانەی فەرهەنگی و یاسا ڕێزمانییەکانی تایبەت بە خۆیەتی، شاعیری کورد پەیام و هەست و سۆز و دنیابین و دەلالەت و هەستی جوانناسییانەی خۆی بە زمانی کوردی بەرجەرستەکرووە. ئەم زمانەش سروشتێکی نەتەوەیی هەیە و ئەم سروشتەش سروشتێکی ناوچەیی بە دەقی کوردی بەخشێوە.

3. دەقی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی ئەم قوتابخانەیەدا، پێوەری تایبەتی و خاسییەتی دەقی شیعری خۆی هەیە، لە بوونی ڕەهەندەکانی "زمان، کێش و سەروا، جوانکاری هونەری ، وێنەی شیعری ئیستاتیکا، چێژ،....تاد"، بوون و جۆری ئەم ڕەهەندانە بە پێی قۆناغەکان جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، هەر بوونی ئەم جیاوازییانەشە، کە قۆناغی شیعری کلاسکی کوردی و شیعری نوێی کوردی دروست کردووە لە شیعری کرمانجی خوارووودا.

4. ڕوخساری دەقی شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خوارووودا، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ڕوخساری نەتەوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دراوسێدا دەوەستێت، واتە خاسییەت و پێوەرەکانی ڕوخساری شیعری ئەم قوتابخانەیە لە دەقی شیعری دەرەکییەوە هاتوون. بەڵام دواتر جێگای خۆیان لە شیعری کوردیدا گرتووە، تا بوون بە بنەما و پێوەر لەم قوتابخانەیەدا بۆ نوسینی بەرهەمی شیعری تر. پاشان لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی تا ڕادەی ڕیشەیی لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقی شیعری ڕوویدا، کە لە ڕەهەندێکی بنیاتی دەقەوە دەستی پێ کرد، تا هەموو بنیات و پێکهێنەکانی دەقی شیعری گرتەوە.

5. بنیاتی پەیامداری دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووودا بە پێی قۆناغەکان دەگۆڕێت، لە قۆناغی شیعری کلاسیکدا، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زیاتر هەستی تاکە کەسی و بابەتێکی ویژدانی بەیان کردووە، مەبەستی شاعیر نیشاندانی دۆخی دەروونی خۆیەتی بەهۆی خۆشەویستی یارەوە دووچاری بووە، لەپاڵ ئەم ناوەڕۆکەشدا، بابەتەکانی تری وەك (شانازی، ئاینی و سۆفیگەری، ستایش، وەسف، دڵێری و قارەمانێتی، خۆشەویستی نیشتیمان....تاد) تێدا دەبینرێت، بەڵام لە شیعری نوێدا، پەیامداری دەق بابەت و مەبەستی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی تری مرۆڤخوازی لە خۆ دەگرێت.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان**

**کتێبەکان**

بایز: د. هەڵمەت. 2013، دەقاوێزان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
بەرزنجی: یاسین قادر. 2009، هونەری دراما ڕامانێك لە درامای کوردی، چاپخانەی کەمال، سلیمانی.
حاجی قادری کۆیی: 1986، دیوان. لێکۆڵینەوە: سەردار میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوانی کوردستان، بەغدا.

حوسێن: پ.ی.د. هیمداد. 2007، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ توێژینەوەی موکریانی، هەولێر.
حەمدی: 2008، دیوان. عەبدوڵڵا خدر مەولوود، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
حەمەکریم: حەمەسەعید. 1986، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغداد.
خەزنەدار: د. مارف. 2010، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
خەیات: ئاری عوسمان. 2011، سێ وێستگەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلیمانی، سلیمانی.
دەشتی: کەریم. 2013، ئەدەب و فەلسەفە، چاپی دووەم، چاپخانە ؟، هەولێر.
ڕافێل: سالیك. 2009، شیکارکردنێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ، وەگێرانی: د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی.
رسول: د. شکوریە. 1989، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەددین.
سالم: 2015، دیوان، ساغکردنەوەو لێکدانەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس ـ فاتح عبدالکریم ـ محمدی مەلای کەریم، بەرگی دووەم، چاپخانەی بنکەی ژین، سلیمانی.
سەعید: د. ناز ئەحمەد. 2017، دەنگی مستەفا بەگی کوردی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلیمانی.
شوان: د. ئیبراهیم ئەحمەد. 2014، بەراوردی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
صبیحي: د. محمد الاخضر. 2016، دەروازەیەك بۆ دەقناسی و بوارەکانی پراکتیزەکردنی، وەرگێرانی: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
عارف: حەمە کەریم. 2009، پەیڤستانی من، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
قادر: د.خانزاد عەلی. 2012، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی ومەحویی وشێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
کاکی: حەمە نوری عومەر. 2008، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
کوردی: 2010 دیوان، لێکۆڵینەوە: محەمەد مستەفا"حەمەبۆر، چاپی یەکەم، بەرگی1 ، دەزگاری چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
گەردی: عەزیز. 1974، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حوادیس، بەغداد.
محمد: د. عبدالقادر حمە امین. 2008، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلیمانی.
مشیر: پ.ی.د. عبدالواحید. 2014، ئراکماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
مەحوی: 1984 دیوان ، لێکۆڵینەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس ـ محمدی مەلای کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی حیسام، بەغداد.
نادر: ئەدیب. 2014، گەڕانەوە بۆ ماڵی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
نالی: 1976 دیوان، لێکۆڵینەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوە: محمدی مەلای کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

**ب. نامەی ئەکادیمی**

تۆفیق: قەیس کاکل. 2002، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**ج. گۆڤارە کوردییەکان**

حمەأمین: پ.ی.د. عبدالقادر. 2013، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 40، بەشیB.
سەراج: هاشم. 2013، خۆشی دەق، ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 195.
فەتاح: م. ی. ڕزگار عمر. 2015، چێژی دەق لە شیعرەکانی قوبادی جەلیلزادەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە4.
گۆران: عەبدوڵڵا. 1961، کۆن و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆڤاری هیوا، ژمارە 31، ساڵی (4)ی کانوونی دووەم.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

**کتێبەکان**

ابو زيد: نصر حامد. 1999، اشكاليات القراة وأليات التأويل، الطبعة الخامسة، المركز الثقافي العربي.
انكفيست: نيلس أريك. 2001، الاسلوبية اللسانية، ترجمة احمد مؤمن، مطبوعات منتوري، القسنطينة.
بحيرى: سعيد حسن. 1997، علم اللغة النص المفاهيم والتجاهات، الطبعة الاولى، دار نوبار للطباعة، القاهرة.
بن ذريل: عدنان. 2000، النص والأسلوبية بين النظرية والتطبيق، منشورات اتحاد الكتاب العرب، اسكندرية.
بوقراند: روبرت دى. 1998، النص والخطاب، الاجراء، ترجمة: د. تمام حسان، الطبعة الاولى، الناشر عالم الكتب، القاهرة.
زنياك: زتسيسلاف واور. 2003، مدخل الى علم النص مشكلا بناء النص، ترجمة/ أ. د. سعيد حسن بحيرى، الطبعة الاولى، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة.
شايب: أحمد. 1966، الاسلوب، الطبعة السادسة، المطبعة ؟ ، القاهرة.
عفيفي: د. احمد. 2001، نحو النص اتجاه جديدة في الدرس النحوي، الطبعة الاولى، الناشر مكتبة الزهراء الشرق، القاهرة.
عياشى: د. منذر. 2002، الاسلوبية و تحليل الخطاب، الطبعة الاولى، مركز الانماء الحضارى، سوريا.
يقطين: سعيد. 1989، انفتاح النص الروائي، الطبعة الاول، المكز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت.

**گۆڤارە عەرەبییەکان**

ابرير: بشير. 1995، السيميائية وتبليغ النص الادبي، مجلة منهل، العدد534.
باختن: ميخاييل. 1985، مسألة النص، ترجمة: محمد على مقلد، مجلة الفكر العربي المعاصر، بيروت، العد 36.
مصلوح: سعيد. 1991، نحو أجرومية للنص الشعري دراسة في قصيدة جاهلية، مجلة فصول، مجلد 10، العدد1-2.

ج. ئینتەرنێت

44. بيرقدار: قحطان. 2016 ، الأسلوب الأدبي والأسلوب العلمي. (ئونلاین)
www.alukah.net/literature_language/0/6373

## Serçawekan

### Serçawe Kurdîyekan

Arf: Heme Kerîm. 2009, *Peyvistanî Min,* Çapî Yekem, Berêweberêtî Çap û Bilawkirdinewey Silêmanî, Silêmanî.

Bayz: Dr.helmet. 2013, *Deqawêzan le Romanî Diwahemîn Henarî Dunyaî Bextîyar Elî da*, Çapî Yekem, Çapxaney Şehab, Hewlêr.

Berzencî: Yasîn Qadir. 2009*, Hunerî Drama Ramanêk le Dramay Kurdî*, Çapxaney Kemal, Silêmanî.

Deştî: Kerîm. 2013, *Edeb û Felsefe,* Çapî Duwem, Çapxane Nedîyar, Hewlêr.

Gerdî: Ezîz. 1974, *Edeb û Rexne,* Çapî Yekem, Çapxaney Hiwadîs, Bexdad.

Hacî Qadrî Koyî: 1986, *Dîwan, Lêkolînewe:* Serdar Mîran û Kerîm Mistefa Şareza, Çapxaney Roşinbîrî Lawanî Kurdistan, Bexdad.

Hemdî: 2008, *Dîwan*, Ebdullah Xidir Mewlûd, Çapî Yekem, Çapxaney Wezaretî Roşinbîrî, Hewlêr.

Hemekerîm: Heme Seîd. 1986, *Dîdarî Şî'rî Klasîkî Kurdî,* Çapî Yekem, Çapxaney Wezaretî Roşinbîrî, Bexdad.

Husên: P.Î.Dr.Hîmdad. 2007, *Rêbaze Edebîyekan*, Çapî Yekem, Çapxaney Dezgay Aras-Twêjînewey Mukriyanî, Hewlêr.

Kakî: Heme Nurî Omer. 2008, *Şêwaz Le Şî'rî Klasîkî Kurdî da*, Çapî Yekem, Çapxaney Tîşk, Silêmanî.

Kurdî: 2010, *Dîwan*, Lêkolînewe: Mihemed Mistefa Hemebor, Çapî Yekem, berg.1 Dezgarî Çap û Bilawkirawey Aras, Hewlêr.

Mehuy: 1984, *Dîwan* , Lêkolînewe: Mela 'Ebdelkerîmî Muderrîs - Mihemedê Melay Kerîm, Çapî Duwem, Çapxaney Hîsam, Bexdad.

Mişîr: P.Î.Dr.'Ebdalwahîd. 2014, *Sirakmatîkî Deq û Gutar*, Çapî Yekem, Çapxaney Awêr, Hewlêr.

Muhemîd: Dr.'Ebdalqadir Heme Amîn. 2008, *Binyatî Karnameyî le Deqî Nuwêy Kurdî da*, Çapî Yekem, Çapxaney Tîşk, Silêmanî.

Nadir: Edîb. 2014, *Geranewe Bo Malî Yekem*, Çapxaney Hacî Haşim, Bilawkirawey Akademîyayî Kurdî, Hewlêr.

Nalî: 1976 *Dîwan*, lêkolînewe: Mela 'Ebdalkrîmî Muderrîs û Fatîh 'Ebdalkerîm, Pêdaçûnewe: Mihemmedî Melay Kerîm, Çapxaney Korî Zanyarî Kurd, Bexdad.

Qadr: D.Xanzad Elî. 2012, *Zimanî Şî'rî Hacî Qadrî Koyî û Mehuyî û Şêx Rezay Talebanî*, Çapî Yekem, Çapxaney Hacî Haşim, Hewlêr.

Qadr: Dr.Şêrko Heme Emîn. 2009, *Şîkarkirdinêkî Gutarî Çîroke Hewal,* Çapî Yekem, Çapxaney Renc, Silêmanî.

Rsul: Dr.Şikrîye. 1989, *Edebî Kurdî û Hunerekanî Edeb,* Çapxaney Xwêndinî Bala, Zankoy Selaheddîn.

Salm: 1972, *Dîwan*, Çapî Duwem, Çapxaney Kurdistan, Hewlêr.

Sibîhî: Dr. Mehmûd Alaxizir. 2016, *Derwazeyek Bo Deqnasî û Biwarekanî Piraktîzekirdinî*, Wergêranî: Dr. Îbrahîm Ehmed Şiwan, Çapî Yekem, Çapxaney Roşinbîrî, Hewlêr.

Seîd: Dr. Naz Ehmed. 2017, *Dengî Mistefa Begî Kurdî Leşî'rî Klasîkî Kurdî Da*, Çapî Yekem, Xaney Çap û Pexşî Rênma, Silêmanî.

Şiwan: Dr. Îbrahîm Ehmed. 2014, *Berawirdî Edebî*, Çapî Yekem, Çapxaney Zankoy Selaheddîn, Hewlêr.

Xeyat: Arî Osman. 2011, *Sê Wêstgey Edebî,* Çapî Yekem, Çapxaney Silêmanî, Silêmanî.

Xeznedar: Dr. Marif. 2010, *Mêjûy Edebî Kurdî,* Bergî Sêyem, Çapî Duwem, Dezgay Çap û Bilawkirawey Aras, Hewlêr.

**Serçawe Erebîyekan**

Abu Zîd: Nasir Hamîd. 1999 ‹*Aşkalîyat el-Qirae Walîyat el-Tauyl* ‹Altib'e el-Xamse*,* el-Merkez el-Seqafî el-'Erebî.

A'fîfî: Dr. Ahmed. 2001 ‹*Enhu El-Nas Îttîcah Cedîde fî El-Ders El-Nehuy* ‹El-tib'e El-ewlî ‹El-neşr Mektebe El-Zehra El-Şerq, El-Qahîre.

Ankifîst: Nîls Arîk. 2001 ‹*el-Esalubî el-Lîsanî,* Tercume Ahmed Mumin, Metbuat Minturî ‹el-Qesentîne.

Bihîrî: Sîd Hesen. 1997 ‹*'Îlm el-Luxe el-Nas el-Mefahîm we el-Îttîcahat* ‹el-Tib'e el-Awlî ‹Dar Nubar lî-ttiba'e, el-Qahîre.

Bin Îzrîl: 'Ednan. 2000 ‹*el-Nas wel-Esalubî bîn el-Nezîre wet-Tîbaq* ‹Minşurat Îttîhad el-Kîtab el-'Erebî, Îskenderîye.

Bîrqdar: Qehtan. 2016‹ *el-Ûslub el-edebî wel-Ûslub el-'Îlmî.* www.alukah.net/literature_language.

Boqrand: Robert Dî. 1998 ‹*el-Nas wel-Xîtab* ‹*el-Ecra,* tercume: Dr. Temam hesan ‹el-Tîb'e el-Ewlî ‹el-Neşr îlm el-Kîtab, el-Qahîre.

Îaşî: Dr. Minzur. 2002, *el-Ûslubî û Tehlîl el-Xîtab,* el-Tib'e el-Ewlî, Merkez el-An ma el-Hizarî, Surîye.

Îqtîn: Sîd. 1989, *Înfîtah el-Nas el-Riwaî,* el-tib'e el-Ewlî, el-Merkez el-Seqafî el-'Erebî, el-Dar el-Bîza, Beyrûd.

Şayb: Ahmed. 1966*, el-Ûslub,* el-Tîb'e el-Sadîse, el-Metbe'a? , el-Qahîre.

Zinyak: Îslaf Wawir. 2003, *Medxel el-'Îlm el-Nas Muşkila bina el-Nas*, tercume: a. Dr. Sîd Hesen Bihîrî, el-Tib'e el-Ewlî, Musse el-Muxtar lî-Neşrî wel-Tewzî', el-Qahîre.

**Namey Ekadîmî**

Tofîq: Qeys Kakil. 2002*, Peywendîyekanî Nêw Deq*, Namey Doktora, Kolêjî Adab, Zankoy Selaheddîn, Hewlêr.

**Govare Kurdîyekan**

Fetah: M. Y. Rizgar 'Emr. 2015, Çêjî Deq Le Şî'rekanî Qubadî Celîlzade da, Govarî Zankoy Raperîn, jimare 4.

Goran: Ebdulla. 1961, *Kon û Tazeyî Le Helbesta,* Govarî Hîwa, jimare 31, salî (4)î kanûnî duwem.

Heme Amîn: P. Î Dr. 'Ebdalqadir. 2013, *Binemakanî Helweşandinewe*, Govarî Zankoy Silêmanî, jimare 40, beşîB.

Serac: Haşim. 2013, *Xoşî Deq*, Govarî Raman, jimare 195.

**Govare Erebîyekan**

Abrîr: Beşîr. 1995, *el-Sîmyaî we-Teblîx el-Nas el-Edebî,* Mecelle Minhal, el-'Edd 534.

Baxtîn: Mîhayîl. 1985, *Mîsale el-Nas,* tercume: Mehemed 'lî Muqellîd, Mecelle el-Fikir el-'Erebî el-Muasir, Beyrûd, el-'edd 36.

Misluh: Sîd. 1991, *Nehu Ecrumîye lî-Nnasî el-Şî'rî Dîrase fî Qesîde Cahîlîyye,* mecelle fûsul, meclîd 10, el-'Edd1,2.